دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــــانی ئێــــران

ژمارە ٦٧٤،یەک شەممە، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی ٣ی ئاوریلی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد ٢

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات: مانشێتی کەیهان لەگەڵ قسەکانی من ناکۆکە ٢

خەڵکی ڕۆژهەڵات بەپیر بانگەوازی ڕاسانی حیزبی دێموکراتەوە هاتن ٢

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قسەکانی ئەم دواییانەی بەڕێز خالید عەزیزی ٤



بەرجەوەنی ئابووریی ساڵی ٩٥ی ئێران ٦



کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی میندا ٧



یاری و باوەڕێکی پیرۆز ٨

# بۆ پێشەوا، بەندیخانەش سەنگەر بوو




ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی

کوردستان جارێکی دیکە لە ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا، واتە «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان»، تاجەگوڵینەی لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دانا.

بەم بۆنەوە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، بە بەشداریی ‹‹مستەفا هیجری›› سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و میوانان و بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە لە بڕگەی یەکەمدا بە ڕێژەی نیزامیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرە و گڵکۆی شەهیدان دەستی پێکرد و لە سەر گڵکۆی شەهیدان دوو سروود لەژێر ناوەکانی ‹‹ئەی شەهیدان›› و ‹‹مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم›› لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوە، ‹‹مستەفا هیجری›› سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هاوڕێی پێشمەرگە «سلێمان سەنایی» کوڕی شەهید، تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفادارییان لە سەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

پاشان پێشانگای وێنەی شەهیدان لە لایەن ‹‹مستەفا هیجری››، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و «عایشە دروودگەر» خوشکی شەهید، بە ڕووی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەدا کرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، لە ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ‹‹ئەی ڕەقیب›› و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن «تاهیر مەحموودی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

بەڕێز مەحموودی وێڕای ڕێزدانان بۆ خۆڕاگریی قارەمانانە و داکۆکی بێ وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە بەندیخانە و دادگای سەربازیی ڕێژیمی پاشایەتی لە مافەکانی گەلی کورد، ڕایگەیاند: «بۆ پێشەوا بەندیخانەش سەنگەرێکی دیکە بوو کە ڕێبوارانی دوارۆژی ئەو مامۆستا مەزنە وانەی خۆڕاگری، بەرگری لە مافی ڕەوا لە هەر بارودۆخێکدا و مانەوە لەسەر بەڵێن و پەیمانی لێ فێر بن. بۆ دوژمنانی کورد و دژی مافی مرۆڤ، دادپەروەری و ئازادییش، بەناو دادگایی پێشەوا پڕ بوو لە پێداگریی لەسەر هەق، ڕاستی، ئازادی، ئاشتیی و بەرەنگاریی لەگەڵ ستەم و ناداپەروەری و سەرەڕۆیی، دادگای بێدادی بردبووە ژێر پرسیارەوە و لێپێچینەوەی لە دەسەڵاتێکی ناڕەوا و داگیرکەر دەکرد».

ناوبراو هەروەها وێڕای ئاماژەکردن بە جیاوازییەکان لە جیهانبینیی پێشەوا و حیزبی دێموکرات، لەگەڵ دەسەڵاتداران و فەرهەنگی سیاسی زاڵ بەسەر ئێراندا، ڕایگەیاند: «پێشەوا قازی محەممەد بە داکۆکی کردن لە ئازادی و مافی ڕەوای خۆی و گەلەکەی لەمەڕ ئازادی و ڕزگاری، لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی شادا، فێری کردین کە بناغەی حکوومەت خەڵک و نەتەوەیە نەک ڕێبەر و کەسایەتییەکان».

بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب لە درێژەی پەیامەکەیدا ئاماژەی بە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب و داخوازیی بەڕێزیان لە خەڵک و لاوانی کوردستان بۆ هاتنە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە دا و گوتی: «لە نەورۆزی ئەمساڵدا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان پەیامێکی گرینگی ئاراستە کردن و داوای لێ کردن پەیوەست بن بە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێموکرات بۆ درێژەدان بە ڕێبازی پێشەوا و باقی ڕێبەرانی شەهیدمان. ئەو داوایە بە لێکدانەوەی ورد و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچە و وڵاتەکەمان کراوە، بۆیە و بۆ دڵنوایی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بە پەیوەست بوون بە ڕیزی حیزبی پێشەواوە، بە دەنگ داوای حیزبی خۆتانەوە وەرن و دڵی دۆستانمان شاد بکەن و دوژمنیش وەک هەمیشە داماو و زەبوون بکەن.»

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن ‹‹سەلام ئیسماعیلپوور›› ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکاران، خوێندرایەوە.

هەروەها بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چەندین لایەن و حیزبی سیاسی و کەسایەتی، پەیامیان پێشکەش بە مەراسیمەکە کردبوو کە لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکەوە ناوەکانیان خوێندرایەوە.

لە نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە لە لایەن پێشمەرگەکانی ئەندام لە کۆڕی موزیکی کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێرکردنی حیزبەوە پێشکەش بە بەشداربوان کرا.

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٤٦ی هەتاوی‌دا، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکەمین سەرکۆماری کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ محەممەد حوسەین خانی سەیفی قازی، وەزیری شەڕی کۆماری کوردستان و ئەبولقاسم سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای نەتەوەیی، پاش دادگاییەکی ڕواڵەتی و دەرچوونی حوکمی سێدارە، لە لایەن جەلادەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارە دران.

## پەیڤ

### شایی و شۆڕش

کەریم پەرویزی

خەباتی نەتەوەیەکی بندەست و ستەملێکراو، تەنیا بوارێک و ڕەهەندێک ناگرێتەخۆ، گەر نەڵێین هەموو، بەشێکی زۆری ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی خەڵک دەگرێتەوە و هەر وەک کارل مارکس گوتی، نەتەوەیەک کە لەژێر ستەمەدا دەژی، هەموو تواناکانی بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستی و ستەم تەرخان دەکا و خەبات بۆ ڕزگاری سەرتاپای ژیان و مێژووی ئەو نەتەوەیە دادەگرێ.

ئەمەش بەو واتا نیە کە ئەو نەتەوە بۆخۆی و بە ئیرادە و ویستی خۆی هەموو ئەو بوارانەی ژیانی تێکەڵ بە خەبات بۆ ڕزگاری دەکا، بە واتایەکی دیکە هیچ نەتەوەیەک حەزی لەوە نیە کە هەموو هێز و وزە و بیرکردنەوەی بۆ شەڕ (جا سیاسی بێ یان نیزامی یان ...) تەرخان بکا، بەڵکوو حکوومەت و دەسەڵاتی ستەمکار و داگیرکەرە کە لە ترسی خۆی و لە پێناوی تێرکردنی هەستی پاوانخوازیدا بەرە بەرە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانی ئاسایی خەڵکی ستەملێکراو و ژێر دەسەڵاتی داگیر دەکا و لە ترسی ئەوەی کە کەلێنێکی بەجێ نەهێشتبێ کە لەوێوە دوژمنانی ئەو ڕێژیمە دزەی تێ بکەن، هەوڵ دەدا تاریکی و ستەمکاریی بە سەر هەموو سووچ و بنمیچێکی کۆمەڵگادا بسەپێنێ.

لەم ڕوانگەیەوە و هەروەها لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیی مەرگدۆستی کۆماری ویلایەتی سێدارەوەیە کە دەبینین ئەم ڕێژیمە حەزی زۆری لە مەرگ و شیوەن و پەرەدان بە کولتووری شیوەن و «عەزاداری» یە و لەگەڵ شایی و خۆشیی خەڵکدا ناتەبا و دوژمنە و هەرجۆرە شاییەکی خەڵک بە دژایەتیی لەگەڵ خۆی دادەنێ.

کە دەگاتە سەر نەتەوەی کورد، لەبەر تایبەتمەندییە نەتەوەیی و کولتووری و مێژووییەکانی، بەردەوام ڕق و بێزاریی خۆی لە ڕێژیمە ستەمکارەکان و لە داگیرکەران هەم بە ڕەزم و هەم بە شایی و هەڵپەڕکێ دەربڕیوە و بۆیە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا، لە هەموو بەشەکانی دەبینین کە شایی و گۆڤەندی کوردی بۆتە ڕەمزی یەکگرتوویی و بەگژ داگیرکەردا چوونەوە و لە سەرکەوتنەکاندا بە ڕەشبەڵەکی ڕەنگاڵە، چاوی دوژمنانیان پێ کوێر کردووە.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا، نەتەوەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات، هیوای ژیانەوە و گەشانەوە و بەگوڕتربوونی خەباتی لە شایی و گۆڤەندی بەرفراوان و پڕئەژماردا

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد



بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر چالاکییان بەڕێوەبرد.

**کامیاران**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی شاری کامیارن چالاکییان تێدا ئەنجام دراوە، بریتین لە: قوتابخانەی ئەوەڵ و دووهەمی متوەستە، ئاپارتمانی شارەکی بێعسەت، قوتابخانەی دواناوەندیی «راه دانش»، قوتابخانەی دواناوەندیی مۆعەلێم، قوتابخانەی ڕازی، کۆڵانەکانی شارەکی تروەڕێز و کۆڵانەکانی نەخۆشخانەی سینا.

**باینگان**

لە شاری باینگان سەر بە پارێزگای کرماشان و هەروەها لە شاری سەردەشت، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکاییان بەڕێوەبرد.

**سنە**

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە گوندی مێراو لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، گوندی سەرهۆیە، نییەر، تەوریوەر و تەنگیسەر چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەسەر چیای بەرزی حەوتکانیانی مێراو ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد.

**ورمێ**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ورمێ بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە لە ناوەندی شار، ئیسلام ئاباد، سەیرانگای بەند، کوشتارگا و تەرزیلوو، بە بڵاو کردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها ئەندامانی حیزب لە شاری ورمێ و لە جادەکانی سەڵماس، جادەی بەند و جادەی مەرگەوەر ئاڵای کوردستانیان بۆ نیشاندانی وەفاداری بە ڕێبازی پێشەوا قازی مۆحەممەد هەڵدا.

**سەقز**

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: گەڕەکەکانی شیوی جوتیاران، بلواری تەربیەت، پشت بلواری وەحدەت، سێ ڕێیانی بەردبڕان، سەرچۆمی وەلی خان، بەشێک لە شەقامەکانی سەعدی (سپوورئاوا)، دەوروبەری بازاری خوارو، دەوروبەری دادگای کۆن، کانی گەرمکاو.

**مەهاباد**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە لە ناوچەی شارویرانی مەهەباد بە تایبەت گوندەکانی قزڵ قۆپی تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات شە وی ١٢ی خاکەلێوە لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد چالاکیی تەبلیغاتییان لە گوندی خوڕخوڕەی شارویران، تاڵاوی کانی بەرازان و گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە شەبەک بەڕێوە برد.

ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی، پێشەوا قازی و سەیف و سەدری قازی لەبەناو دادگاکانی ڕێژیمی شاهەنشاهیدا حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپا و لەبەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد، ئەو شوێنەی کەکۆماری تێدا ڕاگەیەندرابوو، لە سێدارە دران.

# هەیئەتێکی دەوڵەتی چێک سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کرد

لە دیداری هەیئەتێکی وڵاتی چێک لەگەل حیزبی دێموکراتدا، ڕەوشی سیاسیی ناوچە و شەڕی داعش و شوێندانەریی ئەو شەڕە لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری و نیزامی لە ناوچەکەدا و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی دەوڵەتی چێک بە یاوەریی د. یەکتا، دۆستی دێرینی حیزب سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی فەرمیدا هەیئەتی وڵاتی چێک ئامانجی سەردانەکەیان ئاگاداربوون لە ڕەوشی سیاسیی ناوچە و شەڕی داعش و شوێندانەریی ئەو شەڕە لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری و نیزامی لە ناوچەکەدا و هەرێمی کوردستان باس کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیاندا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرنامەی کار و تێکۆشانیان لە نێوخۆی کوردستان بەتایبەت ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانهاتە ئارا و پرسیاری میوانان لەو پەیوەندییانەدا وەڵام درانەوە.

لەو بارەوە مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوری خراپکارانەی لە ناوچە و یارمەتی کردنی بە تیرۆریزم و بەردەوام بوونی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ قسەی کرد و ئەو ڕاستییەی جارێکی دیکە خستە بەر نەزەریان، تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر کار بێت، ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەدا دەستەبەر نابێ و تەنیا ڕێگە خەباتێکی بەردەوامە بۆ ڕووخانی ڕێژیم و هێنانەسەرکاری نیزامێکی دێموکراتیک و فێدراڵی، حیزبی ئێمە لەو ڕێگایەدا خەبات دەکا و ئەو ئامانجەیش ئێمە خەباتی بۆ دەکەین لە خزمەت بەها مرۆییەکاندایە.

# جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات: مانشێتی کەیهان لەگەڵ قسەکانی من ناکۆکە



حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ کوردستان میدیادا ڕایگەیەند؛ «ئەو مانشێتەی کە کەیهانی لەندەن، ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی بڵاوکراوە لە لەندەن، بۆ دیمانەکەی ئەو هەڵیبژاردووە، ڕاست نیە و لەگەڵ قسەکانی ئەو ناکۆکە».

بەڕێز شەرەفی ڕایگەیاندووە کە لەو وتووێژە لەگەڵ بیژەن فەرهوودی‌دا کە بۆ کەیهانی لەندەن کردوویەتی، لە چوارچێوەی سیاسەتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شی کردنەوە و شرۆڤەی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە نەورۆزی ئەمساڵدا قسەی کردووە و کۆی دیمانەکە لە ڕاستای پشتڕاستکردنەوە و شی کردنەوەی ئەو وتانە و سیاسەتە نوێیەکانی حیزبدا بووە، بەڵام کەیهانی لەندەن بە هەڵبژاردنی تیترێکی هەواڵیی جێی پەسەندی خۆی، ناکۆکیی لە نێوان تیتر و ناوەرۆکی وتووێژەکەدا درووست کردووە و هەڵێنجانی نادروست بەدەست خوێنەرەوە دەدات.

# دیداری پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە لەگەڵ حیزبی دێموکرات

هەیئەتێکی پارتی پێشکەوتنخوازی کورد ـ سووریە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازییان لێ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی حەمید دەرویش سکرتێری گشتی و بە یاوەریی عەلی شەمدین سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا، حەمید دەرویش لە سەر ڕەوشی سووریە و بارودۆخی شەڕی داعش و ململانێ سیاسییەکان لە نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و پرسی کورد و سیستمی فیدراڵی و ئاکامی کۆبوونەوەکانی ژنێڤ قسەی کرد.

دەرویش لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە؛ بەشداری نەدانی لایەنە سیاسییەکانی کورد و نەبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە بتوانێ ئیرادەی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نیشان بدا هێشتا کەم و کوڕی بەرچاوە و PYDیش ڕۆڵی پێویستی بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە نەگێڕاوە و لە لایەکی دیکەشەوە ناهەماهەنگی لە بەینی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و پێوەندی هەر کامەیان بە وڵاتانی ناوچەوە، دۆخێکی نارروونی لە سەر دوا ڕۆژی سووریە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی سووریە پێک هێناوە.

ناوبراو هەروەها باسی لەوە کرد ئەو ئاگربەسەی کە ئێستا لە بەینی ئۆپۆزیسیۆنی و دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە ئارادایە و لە لایەن نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چاودێری دەکرێ، زۆر زەحمەتە لایەنەکان لەبەرچاوی بگرن و دەرەتان بە هەیئەتی دیالۆگ بدەن پرسی سووریە بە ئەنجامی دڵخواز بگات.

دواتر مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرنج و ڕوانینی حیزبی دێموکراتی لە سەر پرسی کورد لە سووریە باس کرد و گوتی بە درێژایی مێژوو، هەلێکی بێ‌وێنە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پێک‌هاتووە و گواستنەوەی ئەو هەلە مێژووییە ئەرکێکی نەتەوەییە بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

هیجری هەروەها لەسەر سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شێواندن و ئاڵۆزترکردنی دۆخی سیاسیی ناوچە و بەتایبەت سووریە قسەی کرد و لەسەر سیاسەتی سەرکوت و زەبر و زەنگی ڕێژیمیش لە ئێران و کوردستان ڕوون کردنەوەیەکی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ئەو سەردانەدا، لە سەر پێوەندیی بەردەوامی هەر دوو حیزب جەخت کرایەوە.

# ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدان لە جێژنیکان بەڕێوەچوو

ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی ١٠ خاکەلێوەی ، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر هەشت و سی خولەکی سەر لەبەیانی، لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکانی حیزب لە کەمپی جێژنیکان بە بەشداریی پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزب و چەندین میوان لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی ئەی‌ڕەقیب دەستی پێکرد.

پاشان کەریم قەڵاتی ئەندامی ناوەند و بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتیی ناوەندی سێ، پەیامی ناوەندی بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدان خوێندەوە.

دواتر کۆڕی هونەریی حیزب چەندین پارچە موسیقایان بەو بۆنەوە پێشکەشی بەشداربوان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، بەشداربوان سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و لە لایەن سدیق دەرویشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەند و خاتوو ئامینە ڕەحمانی خێزانی شەهید سلێمان سابیری، تاجە گوڵینە لە سەر گڵکۆی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە دانرا.

لە برگەی کۆتایی بۆنەکەدا، پیشانگای وێنەی شەهیدان کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی ناوەند ئامادە کرابوو، کرایەوە.

# خەڵکی ڕۆژهەڵات بەپیر بانگەوازی ڕاسانی حیزبی دێموکراتەوە هاتن

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا، بەپیریی ئەو بانگەوازە هاتن و چالاکیی جۆراوجۆریان بەڕێوە برد.

دوای ئەوەیکە مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پەیامەکەیدا موژدەی هاتنەوەی پێشمەرگەی بۆ نێو خەڵک دا، هاووڵاتییان لە نێوخۆی وڵات بە گوڕوتینێکی تایبەتەوە بەپیری ئەو بانگەوازە هاتن.

لاوان و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بە دروشمی «چاوەڕوانی بڕیارین»، «بژی دێموکرات»، «چاوەڕێین پێشمەرگە»، «ڕۆژهەڵات ئامادەیە» ئامادەبوونی خۆیان بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێ دەربڕی و پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان و حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

هەروەها، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات ئامادەبوونی خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی پێشمەرگە دەربڕی.

مستەفا هیجری سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ئەمساڵ لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕایگەیاند: «ئێمە لە جێژنی نەورۆزدا ئەو پەیامەتان ئاراستە دەکەین و لەبەردایـن لەو ساڵدا دەرفەتتان بۆ برەخسێنین کە لە ساڵی نوێ‌دا پەیوەست بن بە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێموکرات بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانی سەربەرزانە و بەجێ‌هێشتنی هەرچی سەرشۆڕیی و دواکەوتوویییە».

**درێژەی ستوونی پەیڤ**

نیشان دا و لە هەموو شوێنێکی ئەم بەشە لە نیشتمانی کورد، شۆڕشیان تێکەڵ بە شایی و گۆڤەندی ڕەمزدار و مانابەخشی نەتەوەیی کردەوە.

بەهار و ساڵێ نوێ و ڕۆژانی سەیران و خۆشی و چوونەدەرەوەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پڕاوپڕ بوون لە شایی شۆڕشێک کە بەڕێوەیە.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور کۆچی دوایی کرد

خوشکە «زینەت محەممەدی» کچی «محەممەد» و خوشکی شەهید «مەحموود محەممەدی»ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە گوندی «کویک حەسەن» سەر بە دەشتی «زەهاو» لە دایک دەبێت و ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، بە هۆی نەخۆشی لە شاری سلێمانی کۆچی داویی کرد.
ناوبراو خوشکی شەهید مەحموود محەممەدی بوو کە لە ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی «محەممەد وەیسی» ناسراو بە «حەمە سەرباز» لە گوندی «هەڕەمیان» لە ناوچەی سەلاس گەوتنە گەمارۆی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و شەهید بوون.
خوشکە زینەت سەردەمی خۆی لە ئۆردووگای ڕۆمادی هاوکاری کۆڕسی منداڵانی ڕۆمادی بووە.
تەرمی خوشکە زینەت بە ئامادەبوونی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کەلار و شێرەوەن ڕەوانەی شوێنی لە دایکبوونی خۆی کراوە و لە زێدی خۆیدا لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە وخزم و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کرد

«ئەحمەد مامەند» ناسراو بە «غازی» ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
«ئەحمەد مامەند» ناسراو بە «غازی» کوڕی «عەزیز»، خەڵکی «دزێی ورمێ» نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی باشوور، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەهۆی وەستانی دڵییەوە، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوییەوە، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و ئەرکی حیزبیی بەڕێوە دەبرد.
نابراو کەسێکی تێکۆشەر و لە نێو ئەندامان و دۆستانی حیزبدا، وەکوو کەسایەتییەکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز ناسرابوو.
تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانی شەهیدانی ناوەندی ٣ی کوردستان لە جێژنیکان لە نێو خەم و ماتەمی هاوڕێیانیدا بە خاک سپێردرا.
حیزبی دێموکرات سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد

«زبێدە خزری» ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی شنۆ بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، خوشکە «زبێدە خزری» ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوییەوە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و وەکوو ئەندامێکی چالاک لە نێوخۆی وڵات ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری خوشکە زبێدە دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ٨٢ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی شیوعی بەشداریی کرد

کوردستان میدیا: هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨٢ەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی شیوعیی کوردستان، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانیان کرد.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی سدیق دەرویشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستانی حیزب، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانیان کرد.
لەم چاوپێکەوتنەدا هەیئەتی حیزب بە بۆنەی یادی ٨٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی شیوعییان پیرۆزباییان لە «کەماڵ شاکر»، سکرتێری گشتیی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەم حیزبە کرد و هیوای سەرکەوتنیان لە کار و خەباتیاندا بۆ بە ئاوات خواستن.
لە بەرانبەردا، کەماڵ شاکر سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی کوردستان، خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەردانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.



## ون بوونی دۆسیەی دادگا، ١٠ ساڵ زیندانی بەدواوە بوو

زیندانییەکی بەپێشینەی کورد، بەهۆکاری ون بوونی دۆسیەی پێشووتری دادگاییەکەی، حوکمی دەرچوونی ٢٥ ساڵ زیندانییەکەی بۆ ٣٥ ساڵ درێژ کرایەوە.
حوکمی ٢٥ ساڵ زیندانیی عوسمان مستەفاپوور لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بەکۆتایی دەگەیشت، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی دەزگای دادوەری، ئەو ماوەیە بۆ ١٠ ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت.
ڕێبەندانی ٣ ساڵ لەمەوبەر دادوەرێکی شاری ورمێ حوکمی زیندانی عوسمان مستەفاپووری بە تۆمەتی «بەشداری کردن لە شەڕی دژ بە سپای پاسداران» بۆ ٣٥ ساڵ زیندانی تەعزیری زیاد کرد.
هەروەها دۆسیەی دادگایی ئەو هاووڵاتییە کوردە لە نێو ئارشیوی دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا ون بووە، ئەوەش لە بڕینەوە و سەپاندنی ١٠ ساڵ زیندانیی دیکەش بۆ ناوبراو کاریگەریی هەبووە.
ناوبراو کە چالاکی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان بووە، لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردووشدا لەهەرچەشنە مەرەخەسیی مەرجدار بێبەش کراوە و بەوتەی برایەکی ئەو زیندانییە؛ عوسمان بەهۆی مانەوەی زیاتر لە دوو دەیە لەزیندان و ئەشکەنجەی مەئموورانی ئەمنییەتی لە کاتی دەستبەسەرکرانیدا، تووشی نەخۆشیی دڵ و هەروەها ئازاری لاق بووە.
عوسمان مستەفاپوور ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ شەش کەسی دیکە لە چالاکانی سیاسیی کورد لە ورمێ دەستبەسەر کرا کە دوو کەسیان ئیعدام کران و چەند کەسیشیان حوکمی درێژخایەنی زیندانیان بۆ بڕایەوە.
ناوبراو سەرەتا سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕایەوە و پاشان ساڵی ١٣٧٢ حوکمەکەی بۆ ١٠ ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە و ساڵی ١٣٧٩ لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئازادی بوو، حوکمی ١٥ ساڵی دیکەی بەسەردا سەپێندرا و سەرئەنجام لەکۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٢ پاش ٢٣ ساڵ دەستبەسەری، سەرلەنوێ حوکمی ١٠ ساڵ زیندانیی دیکەشی بۆ بڕایەوە.
ناوبراو لە ڕەنجنامەیەکدا کە لە ساڵی ١٣٩٠دا بڵاوی کردەوە، داوای لە ڕیپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەحمەد شەهید)، چاوەدێری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی جیهانی و هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکان و ویژدانە بێدارەکانی سەرانسەری دونیا کردبوو، کە لەبارەی ڕەوتی دادگایی و بە فیڕۆ چوونی زیاتر لە بیست ساڵ لە تەمەنی و لایەتی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لێکۆڵینەوە بکەن.

## دەقی پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

نەتەوەی مافخوازی کورد و ئۆگرانی ڕێبازی پێشەوا!
درێژەدرانی ڕێگای شەهیدان!
لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ئەمڕۆماندا ٦٩ ساڵ بەسەر هەڵکشانی ئەستێرەئاسای چراکانی چوارچرا بۆ بەرزترین لووتکەکانی هەرمان و گەشانەوەی هەمیشەیی یاد و ڕێبازیان لە ئاسمانی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلەکەماندا تێدەپەڕێت. نزیك بە حەوت دەیە تەمەنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی مۆدێرنی نەتەوەی کورد شایەتییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دروستیی باوەڕ و بەرزیی ئامانجەکانی قازی محەممەدی مەزن، پێشەوا و ڕچەشکێنی ڕێی پڕشانازیی ئێمە و ڕەوایی ڕێگای شەهیدانی ئێمەیە، ڕێبەرێکی هەتاسەر وەفادار و دەروەست بەو پەیمانەی کە بە گەلەکەی دابوو و بە خوێن و گیانی خۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ئەو خەباتە پڕسەروەرییەی واژۆ کرد.
ئەگەرچی ڕێبازی ژیان و بیر و کردار و ڕێنوێنییەکانی هەر ڕێبەر و خەباتکارێك، بارتەقای هەوڵ و تواناکانی خۆی و پێگەیشتوویی و تێگەیشتنی کۆمەڵگاکەی، کاریگەری لەسەر نەسڵی هاوچەرخ و بگرە نەسڵەکانی دواتریش دادەنێت، بەڵام شێوازی مەرگی ئەو ڕێبەر و خەباتکارانەش یەکێك لەو فاکتەرانەیە کە دەتوانێ کاریگەرییەکە زیاتر پەرە پێبدات و قووڵتری بکات و یاد و ناوی وەکوو سیمایەکی کاریزما و ئیلهامبەخشی شۆڕش و ژیانەوە، نەوەکانی دوارۆژی کۆمەڵگا بەرەو نێڵدانی بەردەوامی کوورەی خەبات هان بدات.
قازی محەممەد و شەهیدان سەیفی قازی و سەدری قازی و شەهیدانی سەربەرزی کۆمار، نموونەی بەرزی ئەو کەسانە بوون کە ئەفسانەی مەرگ نەك هەر نەیتوانی کەسایەتی و کاریزمایان تێك بشکێنێ و زەفەر بە گەورەییان ببات، بەڵکوو مەرگیان کردە پەیژەیەك بۆ سەرکەوتن بەرەو هەرمان و ژیانی تاهەتایی لە نێو باوەڕ و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەیاندا.
یادی ئەوان و وانەکانی خۆڕاگرییان نەك هەر بە مەرگی ڕواڵەتی نەکوژایەوە، بەڵکوو ساڵ بۆ ساڵ و دەیە بۆ دەیە بووژایەوە. ئەوان لە قرمەی چەکی موعینی و پەرتووکەکانی قاسملوو و بڕشت و ئیرادەی شەرەفکەندیدا سەرلەنوێ گەڕانەوە و لەگەڵ ئیمانی پۆڵایینی کەماڵ دەباغی و مەحموود کڵاشیدا جەللادخانەکانی داگیرکەریان کردە قوتابخانەی شۆڕش.
ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکدا کە پریشکەکانی ئاگری شەڕ و شۆڕش و پێکدادان سەرانسەری ناوچەی گرتۆتەوە، قەتاری مێژووی کوردستان بە ڕێڕەوێکی چارەنووسساز و سەردەمسازدا تێدەپەڕێت کە پێویستیی هاوئاهەنگی و پابەندبوونی هەموو چین و توێژ و لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردی بە وانەکانی کۆمار و پێشەوا و شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان زیاتر لە هەمیشە بەرجەستە دەکاتەوە.
لە خۆرهەڵاتی ئەم نیشتمانەشدا سەرەڕای هەموو زەبروزەنگەکان لە لایەن ڕێژیمی داگیرکەری تارانەوە، نەورۆزی ئەمساڵ شکۆی ڕاپەڕین و موژدەی هەڵگیرسانەوەی گڕکانی دوژمنسووتێنی شۆڕش و ڕاسانی بە دیاری هێنا.
ئێمە یەکێتییەکانی لاوان و ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێرە و لەو بۆنەیەدا وێڕای دەربڕینی دووبارەی وەفاداری و دەروەستیمان بە درێژەدانی ڕیبازی شەهیدان، بەڵێن دەدەین کە تا وەدیهاتنی سەرجەم ئاواتەکانیان، لە تێکۆشان و خەبات ڕانەوەستین و بۆ ڕزگاری و ئازادیی خۆمان و نەتەوەکەمان، لە هیچ خەبات و قوربانیدانێك سڵ نەکەینەوە.

بەڕێز بێت یادی شەهیدانی سەربەرزی کورد و کوردستان
پڕڕێبوار بێت ڕێگای ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد و شەهیدانی هاوڕێی
یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی

## کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانستگە و قوتابخانەکان سەردانی گڵکۆی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەیان کرد

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانستگە و قوتابخانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی گڵکۆی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانییان کرد. ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانستگە و قوتابخانەکانی بەشێک لە شارەکانی پاریزگای ورمێ و سنە، سەردانی گڵکۆی شەهید پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە شاری مەهابادیان کرد.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو، لە سەر گڵکۆی شەهیدانی کوردستان قەرار بوو لە لایەن چەند کەس لە مامۆستایان شێعر و پەخشان سەبارەت بە لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی بخوێندرێتەوە، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەماکنی ڕێژیمی ئێرانەوە، بڵاوەیان پێکرا و هەڕەشەیان لێکردن ئەگەر ئەو شوێنە چۆڵ نەکەن تووشی کێشە و دەستبەسەرکران دەبن.
ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی، پێشەوا قازی و سەیف و سەدری قازی لە بەناو دادگاکانی ڕێژیمی شاهەنشاهیدا حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپا و لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لەمەیدانی چوارچرای مەهاباد، ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا ڕاگەیەندرابوو، لەسێدارە دران.

## ئەتڵەسی ٧٠١ زیندانیی کورد بڵاوکرایەوە

زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی وڵاتی ئێران، لە دابەشکاریی نەتەوەییدا پۆلێن و ناسێندارن.
بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، زانیاری دیجیتاڵ سەبارەت بە ٨٥٢ زیندانیی سیاسیی ئێران کە لە ١٥٠ گرتووخانە ڕاگیراون، بە هەوڵی ڕێکخراوێکی ناحکوومەتی لە ئەتڵەسێکی دیجیتاڵدا بڵاوبوویەوە.
لەو ئەتڵەسەدا، گرووپی یەکگرتن بۆ ئێران، زیندانیانی سیاسییان دابەشی حەوت نەتەوەی نێشتەجێی ئێران کردووە کە لە ٨٥٢ زیندانی پێک دێت.
سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی کورد، ناوی ٣٣٩ کەس هاتووە کە بێجگە لە وێنەی ئەو زیندانیانە، زانیاری سەبارەت بە چالاکی ئەو کەسە، کورتەی ژیاننامە، شوێنی گیران و تۆمەتی وەپاڵدراوی هاتووە.
هەروەها لە بەشی زیندانیانی کورد، ناوی ١٨٤ چالاکی مەزهەبی، ٤٣ چالاکی مەدەنی، ٧٨ چالاکی مافی مرۆڤ و زیاتر لە ٣٠ ڕۆژنامەوان و چالاکی کرێکاری هاتووە.
ماڵپەڕی ئەو ڕێکخراوە کە لە ئامریکادایە نووسیویەتی: زانیاری ٢٠٠٠ زیندانی کە لەم ئەتڵەسەدا تۆمارکراوە، وەک پرۆژێکتورێک لەسەر کاروکردەوەی دەزگای دادوەریی ئێرانە. هەرکاتێ دادگا، ئازادیی هاووڵاتییەک بە تاوانی کەڵک وەرگرتن لە مافەکانی زەوت دەکات، ئەو کارە تۆمار دەکرێت و هەموو جیهانیش دەیبینێت.
هەرلەو ئەتڵەسەداکە زیاتر لە ٥ ساڵە کاری بۆدەکرێت، زانیاری ورد لەسەر ١٥٠ گرتووخانەی ئێران و ٢١٦ دادوەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بڵاوکراوەتەوە.
بڵاوبوونەوەی ئەو ئەتڵەسە بە دابەشکاریی نەتەوەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و لوڕ لە شێوازی خۆیدا کەم وێنەیە.
پێشتریش ناوەندی بەڵگەکانی مافی مرۆڤی ئێران، ئاماری ٨٢٠ چالاکی سیاسی، مەدەنی و عەقیدەتی لە زیندانەکانی شارەکانی ئێراندا بڵاوکردبووەوە.
لەو ڕاپۆرتەدا ناوی ٢٩٠ هاووڵاتیی کورد کە لە زیندانەکانی ئێراندا بە تاوانی «چالاکیی سیاسی و مەدەنی» دەستبەسەر و حوکمی زیندانیان بۆ بڕابوویەوە، هاتبوو.

## ئەحمەد شەهید جارێکیتر وەک ڕیپۆرتێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی ئێران دیاری کرا

شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە و بۆ ماوەی ساڵێک ئەحمەد شەهیدی وەک ڕیپۆرتێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی ئێران دیاری کرد.
ئەمە شەشەمین ساڵی یەک لەدوای یەکە کە ناوبراو وەک بەرپرسی تاوتوێکردنی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێران دیاری دەکرێت.
بەپێی دوایین ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان شووڕای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ٢٠ دەنگی ئەرێنی، ١٥ دەنگی نەرێنی و ١١ دەنگی بێ لایەن بڕیاری دیاریکردنی دووبارەی ئەحمەد شەهیدی وەک ڕیپۆرتێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێرانیان پەسند کرد.
ڕووسیە، چین و ڤێنزۆئێلا بەشێک لە وڵاتانی دژبەری ئەم بڕیارە بوون و لە بەرامبەریشدا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و یەک لەوان بریتانیا بە ئاماژەدان دۆخی شپرزەی مافەکانی مرۆڤ لەم وڵاتە پێداگر بوون لە سەر دیاریکردنی دووبارەی ئەحمەد شەهید.
تائێستا بەهۆی دژایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ سەردانی ئەحمەد شەهید بۆ ئێران ناوبراو نەیتوانیوە لە نیزیکەوە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەم وڵاتە هەڵسەنگێنێت.
بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ناوبراو کە مانگی ڕابردوو بڵاو کرایەوە لە ساڵی ٢٠١٥دا نیزیک بە ١٠٠٠ کەس لە ئێراندا لە سێدارە دراون.
پێشتر محەممەد جەواد لاریجانی سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤی هێزی دادوەری ئێران ڕایگەیاندبوو کە حکومەتەکەی دژی وەها بڕیارێک دەوەستێتەوە.

# سپای پاسدارانی لەخۆبایی، مێژوویەکی پڕشوورەیی و داهاتوویەکی تەمومژاوی

سەلام ئیسماعیلپوور

لەم ڕۆژانەدا شوێن پێی تاقمی مافیایی تیرۆریستیی سپای پاسداران لە هەموو سیاسەت و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی و بەو پێیەش لە هەموو کوێرەوەرییەکانی گەلانی ئێران و شەڕ و ئاژاوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ڕوونی دیارە.

هەنووکە بەهۆی توانای ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیی ڕەها و سەرکوتکەری سپای پاسداران لە بەڕێوەبردنی ئێراندا، لقوپۆپەکانی دەستیان بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بگرە تاکەکەسیی خەڵکدا گرتووە و هەموو ئەو پاوانخوازییەش بە پاساوی «پاراستنی شۆڕش» وەکوو ئەرکی پێناسەکراوی خۆیان ئەنجام دەدەن. هەربۆیە و بەو پاساوە بێ‌بنەمایەش، بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕی نابەرپرسانە وکاولکارانەی هەشت ساڵە وەکوو یەکێك لە بەرهەمەکانی پلاندانان و بەڕێوەبەریی ئەوان، سەدان هەزار کوژراو و بریندار و زیاتر لە هەزار میلیارد دۆلار زیانی بۆ ئابووریی ئێران بە دواوە بوو و دواتریش بە چۆکدادان و سەرشۆڕی کۆتایی هاتووە، ئەو شکستە بە نرخی سەرکەوتن بە خەڵك دەفرۆشنەوە و تەنانەت منەتیان بە سەردا دەکەن کە گوایە ئەمنیەت و یەکپارچەیی وڵاتیان بۆیان پاراستووە. بۆ پاداشی ئەو سەرکەوتنەش! لە کاروباری سیاسی و ئابووریدا هەموو جۆرە دەستێوەردان و سنووردانانێك دەکەن و باج وەردەگرن و لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ڕێژیمدا بەکردەوە شوێندانەرترین دامەزراوەی ڕێژیمن.

ئەگەر ئاوڕێك لە هەڵوێست و لێدوانەکانی بەرپرسانی ڕێژیم و ئەو سپایە بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بە شێوەیەکی سەیر تووشی لەخۆباییبوون و زێدەخوازی بوونە و لاوازیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە تایبەتی لە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ساوێری بەهێزیی لای ئەمان دروست کردووە و خۆیان لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکان لێ تێك چووە.

بۆ نموونە پاسدار موحەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران دەڵێ: «ئێمە ناتوانین لە بەرانبەر ئەو بلۆك و جەمسەربەندییانەدا کە بۆ دابەشکردنی وڵاتان بە سەر چەند هێزی پاوانخواز و داگیرکرانی جۆغرافیای نەتەوە دەسکورتەکان پێك هاتوون و ئەو گەندەڵییانەی کە لە سیاسەتی ئیمپریالیستەکانەوە سەرچاوە دەگرن... بێدەنگ بین» (هەواڵدەریی فارس ـ ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٤).

جەعفەری لە حاڵێکدا باس لە دژایەتیکردنی ستەم و داکۆکی لە گەلانی بندەست دەکاتەوە کە بەپێی پێڕەوی نیوخۆیی و کردەوەکانی سپا، ئەرکی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوە سەرکوتی گەلانی بندەست و ئاژاوەنانەوە و کاولکردنی شارستانیەتەکان بە پاساوی شەڕ بۆ پاراستنی ڕێژیمێکە کە لە تەمەنی خۆیدا کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای بەختەوەریی گەلانی ئێران و ناوچەکانی دەوروبەر بووە.

لەو پێناوەدا سپای پاسداران کە خۆی بە دژەئیستکباری و هەڵگری بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان دەزانێ، بە کردەوە لەگەڵ مافیاییترین کۆمپانیا و تاقمەکانی هاوشێوەی خۆی و زلهێزەکان و وڵاتانی سەرکێش و ئازادیکوژ پەیمان و ڕێککەوتنی هەیە و سوودێکی یەکجار زۆر لە دانانی فرۆکەخانە و گۆمرکە نایاساییەکان، قاچاخ و مامەڵە کردن بە چەکوچۆڵ، مادە هۆشبەرەکان، خواردنەوە ئەلکولییەکان، تاڵانی کەلەپوور و ژینگە و ئاسەوارە بەنرخەکانی وڵات و تەنانەت بازرگانیی مرۆڤ و هەناردەکردنی کچان و ژنان بە مەبەستی بازرگانیی سێکسی وەدەست دێنێت.

جەعفەری لە کاتێکدا باس لە پاڵپشتیی گەلانی بندەست و... دەکات کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی بە لێشاوی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سووریە و عێراق و ئەفغانستان بەرەو ئوورووپا کە دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران وڵاتەکانی ئەوانەشی کردۆتە جەهەننەم، باسی کۆمەڵێك لە پەناخوازانی ئێرانی لە ناوچەی «کاڵە»ی فەرانسەش کە وەکوو نارەزاییەك بەرانبەر بە ناڕوونیی چارەنووسیان، تەقەڵیان لە دەم و لێوی خۆیان دابوو، بوو بە ڕۆژەڤی هەواڵەکان.

دیتنی وێنەکانی ئەو کەسانە لە تەلەڤیزیۆنەکانی جیهاندا ئەو پرسیارەی دەهێنایە گۆڕێ کە تۆ بڵێی لە ئێرانیشدا شەڕێکی وەك سووریە لە ئارادا بێت کە ئەمانە لێی هەڵاتوون و ئێستا لە ترسی دیپۆرتکرانەوە بۆ وڵاتەکەیان، دەم و لێوی خۆیان دەدوورنەوە و لە سەر مقەبا دەنووسن «فریامان کەون»؟

هەروەها بانگەشەی داکۆکی لە گەلانی بندەست لە لایەن پاسدار جەعفەرییەوە لە کاتێکدایە کە مێژووی پڕ لە تاوانی سپای پاسداران لە سەرکوتی گەلانی بندەستی ئێراندا بۆ هەموان ئاشکرایە. ئەوان خەڵك منەتبار دەکەن کە ئەمنیەت و سەقامگیرییان بۆ خەڵك دابین کردووە و لە وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا ئەو ئەمنیەتە لە ئارادا نیە.

هەڵبەت ڕوونە کە ئەوە لە ڕاستیدا خەفەقانی سیاسییە کە لە قامووسی ئەواندا بە ئەمنیەت و سەقامگیری دەناسرێت و ئەو جۆرە ئەمنیەتە پێش ڕووخانی تاڵیبان و قەزافی و سەدام، لە ئەفغانستان و لیبی و عێراقیشدا هەبوو. ئەگەر لە پاش ڕووخانی ئەو ڕێژیمانەش لە ناوچەدا ئەو ئەمنیەتە تێك چووبێت، دەبێ فەرماندەی سپای پاسداران و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی چاك لە بیریان مابێت کە بۆ خۆیان و ڕێژیمەکەیان و دامەزرێنەرەکەی بە پەرەپێدانی فەندامنتاڵیزم و ناکۆکیی ئایینی و تایفی بۆ هەناردەکردنی دێوەزمەی شۆڕشەکەیان و لە ڕاستیدا هەناردە کردن و گواستنەوەی قەیرانە نێوخۆییەکانیان بۆ دەرەوەی سنوورەکان، چ ڕۆڵێکی نیگەتیڤیان لە پێکهێنانی ئەو بارودۆخەدا هەبووە و هەیە.

جەعفەری نابێ لە بیری چووبێتەوە کە ڕێژیمەکەیان بە هاوکاریی ناڕاستەوخۆی «ڕیگان» سەرکۆماری ئەمریکا، بۆ خولقاندنی کۆماری ئیسلامیی پاکستان، بە هاوکاریی ژەنەڕاڵ «زیائولحەق»ی ئیسلامخواز و سەرەڕۆ «زولفەقار عەلی بۆتۆ»یان لە سێدارە دا و لە ئەفغانستانیش پێشیان بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان گرت تاکوو دێوەزمەی ئەلقاعیدە و تاڵیبان و کۆنەپەرستانی وەك حیکمەتیار، جێگای هەوڵەکانی دەوڵەتی «نەجیبولڵلا» بگرێتەوە و ئەفغانستان ببێتە لانکەی تیرۆریزم و بناژۆخوازییەك کە ئەمڕۆ بەناوی داعش لە سەرتاسەری جیهانیدا کارەسات دەخولقێنێ. لەم ڕۆژانەشدا کە دادگای فیدراڵی ئەمریکا ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی لە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی بازرگانیی جیهانیی نیۆیۆرك و بنکەی سەربازانی ئەمریکایی لە «ئەلخوبەر»ی عەربستاندا پاڵپشتی ماڵیی ئەلقاعیدە بووە، گۆشەیەك لە جینایەتێکی دیکەی ڕێژیم دەرکەوت، لە حاڵێکدا کە ئەوە چەندین ساڵە ڕێژیمی ئێران خۆی لە پاڵ شەڕی دژەتیرۆردا شاردۆتەوە و دەیهەوێ لە ڕەوایی ئەو شەڕەش بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێت و ئامانجەکانی ئەو شەڕە بە لاڕێدا ببات.

تاقیکارییە مووشەکییەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیمیش نموونەیەکی دیکە لەو ڕاستییەن کە نیشان دەدەن، سپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی بە قۆستنەوەی لاوازیی سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما، دەیانهەوێ بەو ڕێگایەدا بچن کە پێشتر سەدام حسەین و قەزافی و زۆرێك لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی دیکەش تاقییان کردبووەوە. ئەم تاقمە وا دیارە پەندیان لە دەرەنجامی وەهمە کارەساتبارەکانی خومەینی لەمەڕ ئەرکی جیهانی و ئیسلامیی «درێژەدانی شەڕ تا کۆتاییهێنان بە فیتنە لە جیهاندا» وەرنەگرتووە کە بە خواردنەوەی جامی ژەهر کۆتایی هات و پێیان وایە ئەگەر شەڕ ئێران بگرێتەوە، ئەمریکاییەکان سەربازانی خۆیان دەنێرنە بەردەم بۆمب و ڕاکێتەکانی پاسداران و لە دوورەوە سەیری کوژرانیان دەکەن. ڕێژیم بە ڕواڵەت دەڵێ ئێمە شەڕمان ناوێ و دەستپێشخەری شەڕ نابین، بەڵام لەسەر مووشەکەکانیان بە زمانی عیبری دەنووسن «ئیسراییل دەبێ لە نێو بچێت»، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێشتا خەڵك لە بیری نەچۆتەوە کە چۆن ئەحمەدی نژاد بە پاڵپشتیی خامنەیی و سپای پاسداران، لافی لێ دەدا و دەیگوت «ئەوەندە بڕیارنامە دەربکەن تا بڕیارنامەدانتان بدڕێت» و هێشتا جەوهەری تەسلیمنامەی ئەتۆمیی ڕێژیم وشك نەبۆتەوە و بتۆنی نێو ڕیئاکتۆرە پڕکراوەکەی ئەراك هێشتا تەڕایی دەرنەچووە.

ئەمانە شوێنکەوتووانی هەمان خومەینین کە لە هاوینی ١٣٦٦دا وتی؛ «ئەگەر خومەینی بە تاقی تەنیاش بمێنێتەوە درێژە بە خەباتی خۆی دژ بە کوفر و ستەم و ... دەدات» و لە هاوینی ١٣٦٧دا وتی «ئەگەر شەڕ بیست ساڵی دیکەش بخایەنێت، ئێمە ئامادەین»، بەڵام چەند حەوتوویەك دواتر بەرپرسایەتیی شکستەکەی خستە ئەستۆی خوداوەند و بە ڕووهەڵماڵراوییەوە وتی؛ «ئەگەر ئابڕوویەکم هەبوو، لەگەل خودا مامەڵەم کرد».

ئێستاش ئەمیرعەلی حاجیزادە، فەرماندەی هێزی هەوا-فەزای سپا دەڵێ؛ «مووشەکەکانی ئێمە هیی گەلی فەلەستین، لوبنان، عێراق و هەموو ستەملێکراوانی جیهانن، هەرکەسێك بیهەوێ ستەم لە گەلانی موسڵمان بکات، دەبێ بزانێ کە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی مووشەکەکانی ئێمە». ئەو پاسدارە دەڵێ مووشەکەکانی ئێمە لە قووڵایی زەوی و لە ژێر شاخەکاندان و تەنانەت بۆمبی ئەتۆمیش ناتوانێ ئەو تونێلانە بڕووخێنێت.

ئەو لێدوانانە بەدەر لەوەی کە لە بنەڕەتدا فڕوفیشاڵن، ڕاستییەکیش نیشان دەدەن، ئەویش ئەوەیە کە بۆ بەرپرسانی ڕێژیم گرینگ نیە کە بۆمبی ئەتۆم و تیشکی ڕادیۆ ئەکتیڤ چی بە سەر خەڵك و ژینگەی وڵات دەهێنێت، بەڵکوو تەنیا بیر لە پاراستنی مووشەکەکانیان دەکەنەوە.

وەها کەسانێك بەو عەقڵییەتەوە بێگومان لە پاش مردنی خامنەیی، خۆیان بە تاقە سەرچاوەی دەسەڵات لە هەموو ئاست و بوارەکاندا دەزانن و ڕێگا بە هیچ کەس و لایەنێکی نێوخۆیی ڕێژیمیش نادەن ببێتە لەمپەر لەبەردەم خولیاکانیاندا.

دژایەتیی قووڵی سپای پاسداران و باڵی ئوسوولگەرای ڕێژیم لەگەڵ تاقمی ڕەفسەنجانی کە ئەوانیش کەمدەسەڵات نین، ناکۆکییەکانی سەرەتای دەیەی ٦٠ وەبیر دێنێتەوە کە حیزبی کۆماری ئیسلامی و شوێنکەوتوانی دیکەی خومەینی سەرەتا لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی وەك نەهزەتی ئازادی و دواتریش لەگەڵ بەنی سەدر و لایەنگرانیدا کەوتنە شەڕ و ناکۆکی. شتێك کە لە ئێستادا زۆر هەستی پێ ناکرێت، بەڵام ناکرێ چاوپۆشیی لێ بکەین، ناکۆکیی نێوان ئەرتەش و سپایە. ئەم ناکۆکییە ئەگەرچی هەنووکە تەنیا لە نێو هێزی دەریاییدا بە زەقی دیارە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەشدا هەیە. سپا هەنووکە کێشەی کەمیی بوودجەی نیە و بە خێرایی و بەربڵاوی خەریکی ڕاکێشانی خەڵك و دامەزراندنی زانکۆی سەربازی و ڕاهێنانی هێزە. ئەگەری ئەوە هەیە کە پاش مردنی خامنەیی سپا بیهەوێ لە نەبوونی فەرماندەی گشتیی هێزەکاندا، ئەرتەش بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی و ئەو کارەی هەڵوێستی ئەرتەش بە دوای خۆیدا دێنێت. هەر بۆیە لە ئەگەری هەڵوێستی ئەرتەشدا کێشەیەکی قووڵی دیکە بە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم زیاد بێت و بە بێ هێرشی دەرەکی، هەمان ئەو بەڵایە بە سەریان بێت کە زۆر لێی دەترسن، ئەویش ئەوەیە کە ئێران ببێتە سووریەیەکی دیکە.



درێژەی لاپەڕەی ٤

مافی ڕەوای خۆی و گەلەکەی، بۆ ئازادی و سەربەستی لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی شادا، فێری کردین کە خەڵك و نەتەوە بناغە و بنچینەیە نەك سەرکردە و کەسایەتی. ڕێبەرە بەرپرس و شۆڕشگێڕەکان خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ سەربەستیی و بەختەوەریی گەلەکەیان نەك خەڵك بکەنە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتی و تاکییەکانی خۆیان. ئەمەیە مەکتەب و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

## هاوڕێیانی بەڕێز!

لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ماوەی چوارمانگ و ١٣ڕۆژدا، ٢٢ سەرداری کورد لەگەڵ پێشەواکەیاندا چوونەسەردار و گیانیان لە پێناو ئازادی و سەربەستیی گەلی کورددا بەخت کرد. ئەوانەش ١١ سەرداری فەیزوڵڵابەگی، چوار ئەفسەری کۆماری کوردستان لە مهاباد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان و چوار ئەفسەرە کوردەکەی باشووری کوردستان لە بەغدا بەدەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی هەردوو وڵات لەسێدارە دران.

## هاونیشتیمانانی بەڕێز!

دوژمنانی کورد بە لەسێدارەدانی پێشەوا و سەردارانی کورد، بە خەیاڵی خۆیان ویستیان نەتەوەکەمان لە مافویستیی خۆی پاشگەز بکەنەوە و سەر بۆ زۆرداریی داگیرکەر نەوی بکەن، بەڵام گەلی کورد فێر بوو چۆن بەنرخی هەرچەند گران و کۆستی هەرچەند جەرگبڕیش، سەر بۆ زۆرداران نەوی نەکا و وەك ڕێبەری زانا و ئەندازیاری بووژانەوەی شۆڕشی کورد و پووچەڵکەرەوەی خەونی دەسەڵاتدارانی تاران، شەهید دوکتور قاسملوو فەرمووی: «کاروانی شەهیدانمان درێژە و ڕەنگە لەوەش درێژتر بێت... گەلێک ئازادی بوێ دەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدا»، کاروانی شەهیدانمان درێژتر بوو. وا ئێستا دەبینین کە سەرەڕای شەهید بوونی ڕێبەرانی وەک قازی و قاسملو و شەرەفکەندی و هەزاران فەرماندە و کادر و پێشمەرگە، گەلی کورد هەروا لەسەرڕێیە. خەباتی دێموکراسیخوازی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە. خەباتکارانی کورد لە ژێردەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندەکانیشدا سەرەڕای ئازار و ئەشکەنجە و گوللەباران کردن و لەسێدارەدان، لە ڕێبازی پێشەوادا فێربوون کۆڵ نەدەن و سەر بۆ داگیرکەر نەوی نەکەن. لە ئاستێکی بەرفراوان و بەشێوەی جۆراوجۆر و ئاگایانە بۆ ئازادی خەبات دەکەن.

## لاوانی خەباتکاری ڕێبازی پێشەوای مەزن!

لە نەورۆزی ئەمساڵدا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان پەیامێکی گرینگی ئاراستە کردن و داوای لێ کردن پەیوەست بن بە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێموکرات بۆ درێژەدان بە ڕێبازی پێشەوا و باقی ڕێبەرانی شەهیدمان. ئەو داوایە بە لێکدانەوەی ورد و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچە و وڵاتەکەمان کراوە، بۆیە و بۆ دڵنوایی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بە پەیوەست بوون بە ڕیزی حیزبی پێشەواوە، بە دەنگ داوای حیزبی خۆتانەوە وەرن و دڵی دۆستانمان شاد بکەن و دوژمنیش وەک هەمیشە داماو و زەبوون بکەن. هەروەک دەبینن ئێستا پێشمەرگە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە ئاستی جیهانیشدا بۆتە ڕەمزی بەرگری لە ئازادیی و مافە ئینسانییەکان و دژی بیری تەسک و تاریک و تیرۆر ڕاوەستاوە. ئێمەش ئەو چاوەڕوانییەمان لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان هەیە، تواناکانی شار و شاخ یەک بخەین و وێکڕا بەگژ سەرەڕۆییدا بچینەوە.

کەوایە بە ئاماژە بەو ڕاستیانەی سەرەوە، قۆناغێکی نوێ و چارەنووسساز لە پێشمانە. خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێدەوە لێمان دەڕوانن، ئەو هەلومەرجە پێویستی بە ماندوو بوونی زیاتر و بە هەوڵ و تێکۆشانی لێبڕاوانەتر هەیە. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی و سەرجەم دیکتاتۆرەکان لێی تۆقیون، یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. کردەوە نەشیاو و جینایەتەکانی نیزیک بە چوار دەیەی ڕێژیم، گومانی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە تا ئەو ڕێژیمە بمێنێ لە سەرکوت و توندوتیژیی و تیرۆر واز ناهێنێ و دیاریی ڕێژیم تەنیا ماڵوێرانیی زیاترە بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتوونە پێش و لە ڕێگادان، ئاماژەی ئەوەمان پێ دەدەن، کە ڕێژیم پێی خۆشحال نیە و سەردەمی شانۆسازیی و هەڵبژاردنە ساختەکانی ڕێژیم بەرەبەرە کۆتاییان پێ هاتووە.

تا ئەو جێگایەش پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێن لە گەڵ گیانی پاکی شەهیدان، دڵنیاتان دەکاتەوە کە خەبات بۆ ئازادی و دابین بوونی مافی نەتەوایەتی بۆ ساتێکیش ناوەستێنێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام، ئاواتی شەهیدە نەمرەکانمان وەدی دێنێ.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا و هاوڕێکانی و گشت شەهیدانی سەردەمی کۆمار و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و ئەو شەهیدانەی کە لە پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە لە پێناو بەرگری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە هەر بڕگەیەکی زەمانیدا، گیانیان بەخت کردووە.

نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی
١٣٩٥/١/١٠ی هەتاوی

## چوونەسەری کەلێنی نایەکسانی لە پارێزگاکانی ئێراندا

داهاتی سەرانەی پارێزگاکانی ئێران بەپێچەوانەی وادە و بەڵێنییەکانی ڕێژیم بە نایەکسانییەوە دابەش دەکرێت و کەلێنێکی گەورە لەباری داهات و فەرهەنگەوە کەوتۆتە نێوان پارێزگاکان.

«میکاییل عەزیمی» کارناسی ئابووری لە بواری گەشەپێدان، لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە هاوسەنگییە ئابووریی و فەرهەنگییەکان لە نێوان پارێزگاکانی ئێراندا ئەنجام داوە کە ئاکامەکەی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کەلێنێکی گەورە لە نێوان پارێزگاکانی ئێراندا بوونی هەیە.

یەکێک لە پێوەرە فەرهەنگییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە سینماکانە، کە بە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لەمەڕ گەشەکردنی بوارە فیکری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوورییەکان دەژمێردرێ. لە ساڵی ١٣٩٠دا، لەکۆی ٢٦١ ساڵۆنی سینما لە ئێران، ٤٢٪یان، واتە ١٠٩سینما وەبەر تاران کەوتووە، ئەمەش لەحاڵێکدایە کە لە پارێزگای سیستانوبەلووچستان تەنانەت ١ سینماش بوونی نیە.

هەروەها لە کۆی ٩ پارێزگای سمنان، قەزوێن، کرماشان، سنە، چوارمەحاڵوبەختیاری، هۆرمۆزگان، کۆهگیلویەوبویرئەحمەد و ورمێ، تەنیا ١٪ی سینماکانی ئێران بوونیان هەیە... .

لەم لێکۆڵینەوەدا هەروەها هاتووە، سەرانەی ئاسانکاریی بانکی لەپارێزگای تاران ١٨ قات زیاتر لە سیستانوبەلووچستانە، بەچەشنێک کە ٥٨٪ی ئاسانکارییە بانکییەکان لە پارێزگای تاران و پاش تارانیش وەبەر پارێزگای ئیسفەهان دەکەوێت کە ئەنجامەکەی بریتییە لە هەژارتر بوونی زیاتری پارێزگایەکی وەک سیستانو بەپێچەوانەشەوە دەوڵەمەندتر بوونی پارێزگا ناوەندییەکان.

پرسی لەپەراوێز خستنی ئەو پارێزگایانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێن، یەکێک لە مێتۆدەکانی بەڕێوەبەریی کەلانی کۆماری ئیسلامییە کە لەسەر بنەمای دۆکتۆرینی «بە هەژاری هێشتنەوەی گەلان» دارێژراوە.

## کورتهێنانی هەزاران میلیارد تمەن بوودجەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێژیمی ئێران

بوودجەی پەروەردە و فێرکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەزاران میلیارد تمەن کۆرت هاتووەتەوە و ئەوەش لەکاتێکدایە کە بوودجەی سپای تیرۆریستی پاسداران زیادی کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، «محەممەد بەتحایی» جێگری گەشەی بەڕێوەبەری و پشتیوانیی وەزیری پەروەردە و فێرکردن ڕایگەیاندووە کە؛ ئەو وەزارەتخانەیە ئەمساڵ دوو هەزار میلیارد تمەن بوودجەکەی کورتی هێناوەتەوە.

بەتحایی، ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لە بەشێکی قسەکانیدا گوتوویەتی کە؛ کورتهێنانی بوودجەی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا مەسەلەیەکی بەردەوامە و ئەو وەزارەتخانەیەش وڵامدەری داواکارییەکان نیە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە کە کورتهێنانی دوو هەزار میلیارد تمەنیی بوودجە لە کاتێکدایە کە ئەو وەزارەتخانەیە لەگەڵ کورتهێنانی ٦٠٠ میلیارد تمەنی دیکەی بوودجە بەرەوڕوویە.

ئەمانە لە حاڵێکدایە کە ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران بە بەردەوامی بانگەشەی فێربوونی زانست و زانیاری لە ئێران دەکەن، بەڵام بە وتەی کۆمەڵناسان و پسپۆڕان ئەو قسانە تەنیا پڕوپاگەندەن و نرخی نەخوێندەواری لە ئێران و بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان هەر وەک خۆی ماوەتەوە و کەم نەبووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، لەحاڵێکدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵانی ئێران، لە خوێندن و قوتابخانە بێبەشن، ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە وڵاتانی دراوسێی پێڕەوی مەزهەبی شیعە سەرقاڵی دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەیە.

## جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار دان بە جێگیربوونی گەندەڵی لە دەوڵەتدا دەنێت

ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار باس لە جێگیربوونی دەیان گەندەڵیی دەوڵەتی دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار لە حەقدەهەمین گردبوونەوەی نەتەوەیی ناساندنی یەکە پیشەیی و خزمەتگوزارییە سەوزەکان باس لە گەندەڵیی ئابووریی ڕێژیمی ئێران دەکات.

ناوبراو دەڵێت: «ئەو بەڕێزانە لە وڵاتی ئێمەدا سەرجەم پارەی نەوتیان برد، مەسرەفیان کرد و قەرزی قەبەیەن نایەوە و دەوڵەتێکی قەرزداریان لە پاش خۆیان بەجێهێشت کە لە هەندێ لە ئامارەکاندا باس لە قەرزی ٣٨٠ هەزار میلیارد تمەنیی دەوڵەت دەکرێت».

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم دەڵێت: «ئەو کەسانە دەبێ شەرمەزار بن کە ٢٢ میلیارد دۆلار پارەی وڵاتیان بە بیانووی هاوسەنگ کردنی نرخی دراوی دەرەکی لە دۆبەی و ئیستامبۆل بە نرخی نزم بە بیانییەکان فرۆشت».

جەهانگیری گوتیشی: «ئەو کەسانە دەبێ شەرمەزار بن کە ١٧ هەزار میلیارد تمەنیان لە مانگێکدا بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت، لە بانکی ناوەندی ڕاکێشاوە».

جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار لەکۆتاییدا ڕایگەیاندووە: «ئەو کەسانە شەرمەزار بن کە بابەکی زەنجانییان دروست کرد و دەکەڵی نەوتییان بزر کرد....».

وتەکانی ئەم بەرپرسەی ڕێژیم دەری دەخەن کە تا ئێستا لە بواری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵیی ئابووری لە وڵاتی ئێران، نەک هەر هیچ نەکراوە، بەڵکوو دۆخەکە خراپتریش بووە.

پەروەندەکانی گەندەڵیی ئابووریی و ڕانتخۆری لە ڕێژیمی ئێراندا، هەرکامەیان بەتەنیا خۆی، دەیتوانی ببێتە هۆی دارمان و هەرەس هێنانی پێکهاتەیەکی حکوومەتی، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا وەکوو هەواڵێکی ئاسایی و ڕۆژانە تێدەپەڕێت.

پەروەندەی دەستبەسەر زەویوزار گرتنی برایانی لاریجانی، پەروەندەی بابەکی زەنجانی، ساتوسەودا نایاساییەکان لە فوتباڵدا، گەندەڵی لە پیشەی مسی ئێران، گەندەڵی لە ڕێکخراوی میراتی کولتووری، گەندەڵی لە دامەزراوەی شەهید و کاروباری خۆبەخشانی ڕێژیم، پەروەندە عاتڵەکانی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێلی لووکس لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی سپاو... تەنیا بەشێکن لە هەزاران پەروەندەی گەندەڵی کە ڕێژیم لە ساڵی ٩٢دا ناچاربوو دانیان پێدا بنێت. بەپێی ئامارە جیهانییەکان، ئێران لەباری پێوەرەکانی گەندەڵیی ماڵییەوە، لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا، لە بنەوەی هەموو خشتە دیاریکراوەکاندا جێی گرتووە.

# بەرجەوەنی ئابووریی ساڵی ٩٥ی ئێران

شەماڵ تەرغیبی

ساڵی ٩٤ی هەتاوی سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و کێشە و گرفتە ئابوورییەکانی کۆتایی پێهات. جیاوازیی ساڵی ٩٤ لەگەڵ ساڵانی پێشوتری خۆی، یان بە واتایەکی دیکە دەسپێکی ساڵی ٩٥ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو لەوەدایە کە کۆتایی ساڵی ٩٤ هاوکات بوو لەگەڵ واژۆکردنی نامەی خۆبەدەستەوەدانی کۆماری ئیسلامی، کە بە «بەرجام» ناوبانگی دەرکرد. ئەمەش بووە دەسمایەی دانی کۆمەڵێک بەڵێن و وادەی نوێ لە لایەن گەورەبەرپرسانی حکوومەتی، کە وەک چاوەڕوان دەکرا لانیزۆری ئەم وادە و بەڵێنییانە لە چوارچێوەی زانستی ئابووریدا دەسووڕانەوە.

بەرپرسانی ڕێژیم و لە سەرووی هەمووان حەسەن ڕووحانی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا باسی لە دەسپێکی ساڵی هیوا و هەوڵدان کرد و وتی، ئێمە دەتوانین بە هەوڵی هەمەلایەنە بە گەشەی ٥٪بگەین و لە نێوان وڵاتانی دەوروبەرماندا پلەیەکی باش تۆمار بکەین! بەچەشنێک کە کرێکارە بێکارەکانمان ببنە خاوەنی کاری سەقامگرتوو، خوێندەڤانە بێکارەکانمان لە یەکە ئابوورییەکاندا سەرقاڵ بن و بەگشتی کەشێکی ئارام و گونجاو بهێنینەدی کە ئەمەش تەنیا بە «بەرجامی٢» جێبەجێ دەکرێت.

ئەم وادە و بەڵێنیانە هاوکاتن لەگەڵ دیاریی کردنی ناوی «اقتصاد مقاومتی، اقدام و عمل» (ئابووریی خۆڕاگریی، هەوڵ و کردەوە) و بۆ ساڵی نوێ لە لایەن خامنەییەوە، کە هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم ناوە ڕەخنەی توندی لە شێوازی سیاسەتداڕێژیی دەوڵەتی یازدەیەم گرت و بە پەلاماردان بۆ سەر حەسەن ڕووحانی گوتی؛ ڕەنگە هەندێک کەس پێیان خۆشبێت دروشمی ئەمساڵمان دروشمێکی فەرهەنگی یان ئەخلاقی بێت، بەڵام ئێمە بە پێویستمان زانی کە دروشمێکی ئابووری هەڵبژێرین.

مەبەستی خامنەیی لە «اقتصاد مقاومتی» چییە کە ماوەی چەندین ساڵە بەسەر خەڵکی ئێرانیدا دەسەپێنێ؟ گەلۆ لابردنی گەمارۆکان، وەک گەورەبەرپرسانی ڕێژیم بانگەشەی بۆ دەکەن، دەتوانێ کێشە ئابوورییەکان چارەسەر بکەن و «هیوا»یەکی نوێ بداتە جەستەی بێ گیانی ئابووریی ئێران؟ بەرجەوەنی ئابووریی ئێران بۆ ساڵی ٩٥ چۆن دەبێت؟

ساڵی ٩٥ لە کاتێکدا دەست پێدەکات کە محەممەدباقر نەوبەخت، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کانالْ ٢ی ئێران، ڕایگەیاندووە؛ ئەگەرچی ئێمە زۆر هەوڵمانداوە کە سیاسەتە ئابوورییەکانمان جێبەجێ بکەین، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی گرفت و کێشەکانمان لەم بوارەدا و دابەزینی ئاستی داهاتی ساڵانەمان لە ١٢٠ میلیارد دۆلارەوە بۆ ٢٠ میلیارد دۆلار، هەر چەندیش هەوڵبدەین دیسان بێئەنجامە و نایەتە بەرچاو.

حەسەن ڕووحانی لەکاتێکدا بەرەو کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتەکەی هەنگاو دەنێت کە ئێران سەرقاڵی ئەزموون کردنی خراپترین داتەپینی ئابووریی خۆیەتی لە مێژووی هاوچەرخدا. تەنانەت ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە بەڵێنییەکەی ڕووحانی لەمەڕ گەشەی ٥٪ی ئابووری بێتە دی، بە لەبەرچاو گرتنی کێشە بناغەیی و پێکهاتەییەکانی ئابووریی ئێران، کە هەروا بێ چارەسەر ماوەتەوە، بەبێ شک ئەم گەشەکردنە زۆر ناخایەنێت و پاش ماوەیەکی کورت گرفتە کۆنەکان دیسانەوە یەخەی خەڵک دەگرنەوە. بە ئێعترافی خودی بەرپرسانی حکوومەتی و بە چاوخشاندن بەسەر ڕاپۆرتەکانی بانکی ناوەندی و ناوەندی ئاماردا، دەبینین کە سیستمی بانکیی ئێران قۆناغێکی پڕ لە قەیران تێدەپەڕێنێت، گەندەڵیی سیستماتیک، وەک ئیسحاق جەهانگیری دەڵێ؛ لە دەوڵەت و دەزگای بەڕێوەبەرییدا جێگیر بووە، شەپۆلی بێکاری بەردەوام و ڕۆژانە بەهێزتر کۆمەڵگا دەتەنێتەوە و ئەو بەشە لە کارگە و کارخانەکانیش کە هێشتا توانای کارکردنیان ماوە، بە ٥٠٪کەمتر لە توانایی خۆیان کار دەکەن.

**حەسەن ڕووحانی لەکاتێکدا بەرەو کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتەکەی هەنگاو دەنێت کە ئێران سەرقاڵی ئەزمون کردنی خراپترین داتەپینی ئابووریی خۆیەتی لە مێژووی هاوچەرخدا**

کۆی ئەم باس و ئامارانە فەزایەکیان پێکهێناوە کە ئاوێتە بە کێشە و ململانێ ناسالمە سیاسییەکانی ئێران بووە و ئەمەش ئەو بەرجەوەنەمان پێدەدات کە ئاغای ڕووحانی و تاقمەکەی تەنیا لە هەوڵی ڕاگرتن و پاراستنی دۆخی هەنووکەیین و ئەوەیکە دەوترێت بە لاچوونی گەمارۆکان ئیتر گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانیش دەست پێدەکەن و ژیانی ئاسایی و لێوانلێو لە خۆشی زاڵ دەبێ بەسەر خەڵکدا، بەکردەوە بوونی نیە. هۆکاری ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە گەمارۆ نێونەتەوەییەکان تەنیا هۆکاری بەشێک لە کێشە ئابوورییەکانی ڕێژیم بوون و لەمپەڕی سەرەکیی پێشنەکەوتنی ئابووریی ئێران، لە ناخی خودی سیستمدا خۆی حەشار داوە کە ئابووریی ئێرانی کردۆتە ئابوورییەکی تاک بەرهەمی خەسار هەڵگر و لاواز.

**ئەوەیکە دەوترێت بە لاچوونی گەمارۆکان ئیتر گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانیش دەست پێدەکەن و ژیانی ئاسایی و لێوانلێو لە خۆشی زاڵ دەبێ بەسەر خەڵکدا، بەکردەوە بوونی نییە**

بەڵام سەبارەت بە دروشمەکەی عەلی خامنەیی پێویستە بوترێ کە مەبەستی ناوبراو لە چەمکی «مقاومت»، وەک بۆ خۆیشی زۆر جاران پێی لەسەر دادەگرێتەوە، بریتییە لە چەشنێک بێنیازکردنی ڕێژیم لە ئابووریی جیهانی و لەبەرامبەریشدا پشت بەستن بە توانایییە نێوخۆییەکان، یان بە واتایەکی دیکە «مقاومت» واتە «قەناعەت کردن» بەوەیکە هەیە، واتە هەژاری و بیرنەکردنەوە لە پێشکەوتن! ئەگەر وەها بۆچوونێک لە سەردەمی پێش مۆدێڕنیتە کەم و زۆر وەڕاست گەڕابا، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا کە بە سەدەی ئەنفۆرماتیک دەناسرێ و جیهان لە هەموو بارێکەوە پێوەندی دینامیکیان پێکەوە هەیە تەنیا دەبێتە خەونێکی بەتاڵ و قسەیەکی بێنێوەڕۆک کە تەنیا لە مێشکی کەسانێکی وەک خامنەیی و کیم جونگ ئون و هاوفکرەکانیاندا دەگونجێ. سەلمێنەری ئەم وتەش ئەو ڕاستییەیە کە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی بەبێ پشتیوانیی دەرەکی، هەم لەباری پاڵپشتیی ماڵی و سەرمایەدانان و هەم لەباری زانست و تێکنۆلۆژیی نوێوە، ناگاتە ئامانج.

نەزانپەرەستیی کەسانێکی وەک خامنەیی لەمبارەوە تا ئەو ڕادەیە کە تەنانەت ڕەچاوکردنی وەها سیاسەتگەلێک لە بیاڤی ئابووریدا خەسار وە پەیکەری سیستمیش دەگەیەنێت. کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە لانیکەم خاوەنی چەک و چۆڵی پێشکەوتوو بێت و ئۆتۆریتەی خۆی بەسەر جیهان و ناوچەدا بسەپێنێت و بە ئاسانییش بتوانێ نارازیانی نێوخۆیی سەرکوت بکات؛ غافڵ لەوەیکە گەیشتن بە وەها ئامانجێکیش پێویستی بە ئابوورییەکی بەهێز هەیە، نەک ئابوورییەک کە بنەماکەی «قەناعەت کردن» بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارە تاڵانەی کە باس کران، ئایا دەکرێ پشت بە هەندێک قسەی زریقە و بریقەدار ببەستین و چاوەڕێی گۆڕانکارییەک لە ئاستی ٥٪ەکەی ئاغای ڕووحانیدا بین؟



# کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی میندا

غالب حەبیبی

چوارەمین ڕۆژ لە مانگی ئاوریلی ساڵی زایینی، لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە وەک «ڕۆژی جیهانیی وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین» ناودێر کراوە. ئەو ڕۆژە لە کوردستانی ئێران وەبیرهێنەرەوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران ـ عراق و هێرشی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دانانەوەی مین لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و باندۆری ئەو کاولکارییە لەسەر کۆمەڵگا و هاووڵاتییانی کوردە. سروشت و جوغرافیایەک کە پڕ لە مین و کەرەستەی جەنگیی بەجێماو لەو دەورانەیە. هەر لە هاوینی ڕابردوودا بوو کە پیاوانی حکوومەتی، لە مەریوان ڕایانگەیاند؛ تاکوو ٥٠ ساڵی داهاتوو، ئاسەواری مینی بەجێماو لە شەڕی ٢٧ ساڵ لەمەوبەر، هەر دەمێنێ. ئاسەوار و خەسارێک کە لە بیاڤی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونی بەدیارە.

### *مین و ژمارە

قووڵایی کارەساتی پێوەندیدار بە مین و دەرنجامەکانی دەتوانین لە هەواڵی تەقینەوەکان لە دووریی ١٢٠ کیلۆمیتری و تەنانەت زیاتریش لە مەودای سەرسنوورەکان تێبگەین، تەقینەوەگەلێک کە گەیشتووەتە ناوەندی شارەکان. درۆودەلەسە و پاساوی فەننی لە لایەن بەرپرسان و دامەزراوەکانی حکوومەتیش هەر دەچێتە خانەی ئاسەواری خراپی مین لە کوردستاندا و خەسارەکانی دووقات زیاد دەکات. هەر بەپێی ئامارەکانی دەوڵەت، ڕووبەری زیاتر لە ٣ میلیۆن هێکتار لە زەوی و زاری کوردستانی ئێران(پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ) مینرێژ کراوە کە بە لانی کەمەوە گیانی ٤.٥ میلیۆن کەسی خستووەتە مەترسییەوە. تەنیا لە ساڵی ڕابردوو(١٣٩٤) و پشتبەستن بە ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٣٦ کەس لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە هۆکاری بەرکەوتنی مین و تەقەمەنیی جەنگی، کوژراو یان بریندار بوونە کە بە سەرنجدان بە نەبوونی ڕاگەیەنەری سەربەخۆ و داخرانی میدیایی، ئامارەکان گەلێک لەو ٣٦ کەسە زیاترە.

### *مین و پاسەوانی لە سنوور

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو سەبارەت بە چاندنی سەرلەنوێی مین لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بڵاوبوویەوە کە هەندێ لە فەرماندەرە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بەئاماژەکراویی ئەم کردەوەیان پشتراست کردووەتەوە و بە ڕستەگەلێک وەکوو، « ڕێوشوێنی بەرگریی لە بەرانبەر تێپەڕینی قاچاغچییەکان و تیرۆریستەکان»، پاساویان بۆ هێناوەتەوە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بە دەیان پایەگای سنووریی و بورجەکی نیگابانی لە کوردستانی ئێران بە بیانووی دژایەتی دەگەڵ هێزە چەکدارەکانی سەر بە حیزبەکان، دروست و تەیار کراون کە بۆ پاراستنیان بە هەزاران مین لە مەودای چەند سەد میتری لەو تەقەمەنیانە چێندراونەتەوە، یان هی ساڵانی ڕابردوو بەجێ‌هێڵندراون.

### *مین و هەژاری

هەردوو وشەی مین و سنوور پێکەوە گرێدراون، ڕێککەوتنێک کە یەکەمین قوربانییەکانی لە کەسانێکە کە بەخێوکەری سەرەکیی بنەماڵەکانیان لە ئەمدیو و ئەودیوی سنوورن. لە ماوەی ئەم ٢٧ ساڵەدا، لەسەدا نەوەدی (٪٩٠) قوربانییەکانی تەقینەوەی مین لە پیاوان پێکدێت. حوسەین ئەحمەدی نیاز، لە پارێزەرانی قوربانییانی مین دەبێژێ کە ئابووریی کوردستان بەهۆی نەبوونی کارگە و کارخانە، بەستراوەی ئاڵوێری سەرسنوورەکانە و هەر ئەو هاتوچۆیە دەبێتە هۆکارێک بۆ کوژران، بریندار بوون و ئیفلیجیی بەخێوکەرانی بنەماڵە. دۆخێک کە دەوڵەتیش کەمترین گرینگی و سەرنجی داوەتە ئەو توێژەی گۆمەڵگای کوردەواری.

### *هەڵگرتنەوەی مینەکان

بڕیار بوو کە ساڵی ١٣٩١، ساڵی کۆتایی هاتن بە کۆکردنەوە و تەقاندنەوەی مینەکان لە ٥٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە زەوی و زاری ڕۆژئاوای ئێران بێ، بەڵام ئەو بەڵێنە تاکوو ئێستایشی لەگەڵ بێ، جێبەجێ نەبووە و بەکردەوەش ئەو جورە خەمساردییە بە نرخی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیانی کورد بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان تەواو بووە. عیسا بازیار(ئاوات) لە چالاکانی بیاڤی مین هەڵگرتنەوە لە کوردستان، لە بابەتێکدا دەنووسێ؛ بەگشتی کاروباری مین هەڵگرتنەوە لە ناوچەکانی کوردستان لەسەر بناغەی پاکسازیی میلیتاریزی و لەبەرگرەوەی ئامۆژگاریی و وانەی نیزامییە کە بە هۆی بەرژەوەندیی شەخسیی بەڕێوەبەرانی ناوەندی مین هەڵگرتنەوەی ئێران و گرووپەکانی سەربە سپای پاسداران کە بوودجەی زەبەلاح وەچەنگ دێنن، نەتەنیا هێچ هێمادانانێک لەو ناوچانە نیە، بەڵکوو بە ڕاگەیاندنی تەواوبوونی پاککردنەوەکان لەو ناوچانە، گیانی بە هەزاران هاووڵاتی دەخەنە مەترسییەوە.

> **لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بە دەیان پایەگای سنووریی و بورجەکی نیگابانی لە کوردستانی ئێران بە بیانووی دژایەتی دەگەڵ هێزە چەکدارەکانی سەر بە حیزبەکان، دروست و تەیار کراون**

### *مین و چالاکانی مەدەنی

تەنیا لە پارێزگای سنە زیاتر لە سەد گوند لە تەنیشت مینە چێندراوەکان هەڵکەوتوون کە ئەو دۆخە، هەوڵی چالاکانی مەدەنیی کورد لەپێناو وشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لە مەترسییەکانی مینی بەدواوە بوو کە ساڵی ١٣٨٤ بە دامەزرانی ناوەندی ناحکوومیی «دانش پژوهان ماف» لە کوردستان چووە قوناغێکی نوێوە. ئەم ڕێکخستنە جەماوەرییە چەندین چالاکیی وەک سێ خول وۆرکشاپی فێرکاریی بارهێنانی ڕاهێنەری مەترسییەکانی مین، بەرنامەی « من و مین» بۆ فێرکاریی مەترسییەکانی مین و مادەی تەقینەوەیی بەجێماو لە شەڕێ ٨ ساڵە بۆ منداڵان و هەروەها فێرکاریی گشتی بۆ تەواوی دانیشتووانی گوندە سنوورییەکانی پارێزگای سنە بەڕێوە بردووە. هەر ئەو ناوەندە لە ڕۆژی شانزدەی ئەو مانگەدا و هاوکات دەگەڵ ڕۆژی جیهانیی وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین، خەڵاتێک لەژێر ناوی «ماف بۆ جیهانی بە بێ مین» دەداتە چالاکانی ئەو بوارە.

### *مین و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

ئێران لەپاش میسر لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانەوە وەک دووهەمین وڵاتی پیسبوو بە مین ناوزەد کراوە، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی هیچکام لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ڕێگە نەدان بە بەکاربردنی مینی واژۆ نەکردووە. ئەو دەوڵەتەش بە یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنی جۆرەها مینی دژە نەفەر دێتەهەژمار. ساڵی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنی بیست و هەشتەمی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەو بەندەی قەبووڵ کرد کە بە خێرایی ئۆپەراسیۆنی هەڵگرتنەوەی مینەکان بە هاوکاریی دەوڵەتی بۆسنی بە کۆتایی بگەینێ، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئاماری قوربانییانی مین لە کوردستان نیشان دەدات کە دۆخەکە وەک جاران وایە و ڕێژیمی ئێرانیش پێشلی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان دەکات. ماوەیەک پێش ئێستاش ئەحمەد شەهید، ڕێپورتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان مەئمووریيەتی تایبەتی بۆ کاروباری مافی مرۆڤی ئێران بۆ یەک ساڵی دیکە درێژ کراویەوە. پێ‌سپاردنێک کە بە سەرنجدان بە تەنگژەی مین و دەرنجامەکانی و هەروەها لەقاودانی ناوەندە مافی مرۆڤییەکانی وەک کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژێنێڤ، بەدواداچوون بۆ بابەتی مین لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان لەئارادایە و خوێنی قوربانیانی مینیش هەروا بە سووک و ئاسانی بەفیڕۆ ناچێت.




## سەبارەت بە مین

مین بڕێک مادەی تەقینەوەیی یان مادەیەکی ترە کە لە مەحفەزەیەکی ئاسنین، دارین یان پلاستیکی و لە قەبارەی جۆراوجۆر جێدەگرێت و بۆ لەناوبردنی ماشین، پاپۆڕ، بەلەم، فرۆکە و یان زیان پێگەیاندن بەوانە یانکوو برینداركردنی کەسەکان بەکار دەبرێت. لە ئێستادا نزیک بە ١١٠ میلیۆن مینی زەمینی لە جیهاندا بوونی هەیە و ٢٥٠ میلیۆنی دیکەش لە کۆگا نیزامییەکان هەڵگیراون و لە کاتی پێویستدا دەوڵەتان کەڵکیان لێ‌وەردەگرن. بەپێی بەراوردەکان، پووچەڵکردنەوە و کۆکردنەوەی ئەو مینانەی کە دانراون، پێویستی بە ٣٠٠ میلیارد دۆلار هەیە.

دوو جۆر مینی تەقینەوەیی بوونی هەیە کە لە مینی دژە نەفەر (AP) و دژە تانک (AT) پێکدێت. مینی دژە نەفەری تەقینەوەیی لە باوترین مینەکانە و بە ڕەنگەکانی؛ زەیتوونی، سەوز، قاوەیی، بۆر و یان ئاوێتەیەک لەو ڕەنگانە دروست دەکرێت. ئامارە نێودەوڵەتییەکان باس لەوە دەکەن کە لە ٨٠ وڵاتی جیهاندا، بە میلیۆنان هاووڵاتی لە مەترسیی بەرکەوتنی مینی بەجێماو لە شەڕەکاندان. لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، هەردوو لایەن، نزیک بە ٤٠ میلیۆن مینیان لەمدیو و ئەودیوی سنوورەکان چاندووە کە زۆربەیان لە خاکی کوردستاندان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتی پێکهاتنی پەیمانی ئۆتاوا(پایتەختی کانادا) لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ تاکوو ئێستا، لە پەیوەست بوون بەو هاوپەیمانییە جیهانییە خۆی دەبوێرێت.



واژۆ نەکردنی ئێران لەو کنوانسیۆنە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە زۆربەی زۆری کەرەستەی پێشکەوتووی هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مین، بێ‌بەش بێت و لە کۆتاییشدا قوربانیانی ڕووی لەزیاد بوون بێت. چین، ئامریکا و هێندیش ئەو پەیماننامەیان واژۆ نەکردووە.



## هەواڵ

### ئاگری نەورۆز لە کرماشان داگیرسا



بە تێکۆشانی هێندێک لە چالاکانی فەرهەنگیی کرماشان، ئاگری نەورۆز لە ناوچەی «جەلالوەن»ی کرماشان داگیرسا و بە بەشداریی ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم دەڤەرە، جەژنی پێشوازی لە ساڵی نوێی کوردی بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە ڕزگار کردنی کەوێک بە دەستی منداڵانی کورد و بە نیشانەی ئاشتبوونەوەی دووبارەی مروڤ لەگەل سروشت، دەستی پێکرد و بە شایی و هەڵپەڕکێ درێژەی پێدرا.


لەم ڕێوڕەسمەدا مامۆستا «عەلی نەزەر جەلالوەن» چەند پارچە شیعری پێشکەش بە بەشدارانی ئەو کۆڕە کرد و دواتر لە ئاخافتنێکی کورتدا، باسی لە زمانی زگماکی کەد و بە گرینگ وەسفی کرد. هەروەها ماموستا «قودرەت قەزوینە» ناسراو بە «هانا» لە پەیوەندی لەگەڵ زمان و کولتووری کوردی، چەند پارچە شیعری پێشکەش بە بەشداران کرد.

لە درێژەی جێژنەکەدا گرووپی موسیقای لوڕی بە بەرپرسایەتی «حشمەتوڵڵا بازرگان» چەند بەزمی موسیقیی کوردییان پێشکەش کرد و لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کچێکی خەڵکی «سەحنە»، بە سازی ئایینیی «تەمورە» چەند مەقامی «یاری»ی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستا «لەک ئەمیر» پاش خوێندنەوەی چەند شیعرێک، جەختی لەسەر پێویستیی بەڕێوەچوونی ئەم چەشنە پڕۆگرامانە لە هەموو کوردستان کرد.

پاشان ئاگری نەورۆز بە دەستی منداڵان داگیرسا.

### سەرپێڵ زەهاو بە شێعر پێشوازیی لە نەورۆز کرد



ئێوارە شیعرێک لە شارستانی «سەرپێڵ زەهاو»ی کرماشان بە بۆنەی هاتنەوەی نەورۆزی کوردەواری بەڕێوەچوو.

لەم کۆڕەدا، شاعیرانی «گێڵانی غەرب» و «قەسری شیرین»یش بەشدار بوون. جەماوەری شارستانی «سەرپێڵ زەهاو»یش پیشوازییەکی بەرچاویان لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە کرد.

بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕە شێعرییە لە ئەستۆی «مەیسم عاتفی‌نیا» بەرپرسی کۆڕی ئەدەبیی «ژوان» بوو. عاتفی‌نیا کە خۆی ئەدیب و لێکۆڵەری بواری فەرهەنگ و ئەدەبیاتە، توانی بەم کردەوە کەش‌وهەوای فەرهەنگی-ئەدەبیی شار بهەژێنێت.

ئەم کۆڕە شیعرییە لە لایەن کۆڕی ئەدەبیی «ژوان»ەوە بەڕێوەچوو.

### ساڵی ٩٥ بکەنە بزاڤی سەرتاسەری دژ بە سازکردنی بەنداو

خەڵکی ناوچەی «مەسنبلی» بە پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی ٢٠٠٠کەسی، نارەزایەتیی خۆیانیان بەرانبەر بە دروست کردنی بەنداو و تونێلی «بێهێشت ئاباد» و «کوهرەنگ٣» و گواستنەوەی ئاو لە زاگرۆسەوە بۆ ناوچە فارس نشینەکان دەربڕی.

ئەم کۆبوونەوەیە بە تێکۆشانی ڕێکخراوی «سەبز پایان مەسنبلی» و بە بەشداریی خەڵک، چالاکانی ژینگەپارێز، هونەرمەندان و وەرزشکاران و بە پێشکەش‌کردنی چەند وتار بەڕێوەچوو .

هەژیر کیانی یەکێک لەو گوتاربێژانە بوو کە ئاماژەی بە ڕۆڵی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران لە فەوتاندنی ژینگەی زاگرۆسدا کرد و گوتی: «هۆکاری بەشی هەرە گرینگی بێ‌سەروبەرییەکان، کاولکارییەکان و خاپوور کردنی وڵات، لە بەڕێوەبەریی نەشیاوی دەوڵەت لە بەشی سەرچاوەکانی وڵاتدا بووە. ناوبراو لە درێژەدا گوتی: «بەداخەوە، دوای ئەوەی کە نەوت بەنیشتمانی کرا. سەرچاوە ئاوییەکان کە گرینگ‌ترین خاڵی پەرەسەندنی وڵاتەکەمانن، بە تالان برا و دەبردرێت».

کیانی هەروەها بە مافی سروشتی خەڵکی زاگرۆس لە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان ئاماژەی کرد و گوتی: «ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەبێ سەرەتا خەڵکی ئەم ناوچانە لە ئاو و دارستانەکان کەڵک وەربگرن، پاشان کەسانێکی دیکە». ئەو هەروەها بە چالاکییە مەدەنییەکان ئاماژەی کرد و گوتی: «داواتان لێ دەکەم ساڵی ٩٥ی هەتاوی بکەنە بزاڤی سەرتاسەری دژ بە سازکردنی بەنداو».

# یاریی و باوەڕێکی پیرۆز

ن: دوکتور ئاوات ساروج

لە کات و سەردەمی هێرشی عەرەب بۆ سەر ناوچە «عەجەم»ەکاندا کە ناوچەی کوردنشین لە لای گڵەوڵا، خانەقین، حەڵوان، داڵەهوو و ...یش تووشی ئەم هێرشە دڕندانە و ئەم تاڵانە بێ‌بەزەییانەیە لە سەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی هات، بە سەدان کاولکاریی و قڕکردن و کوشتوبڕ هاتە ئاراوە. لە بەرزاییەکانی داڵەهوو، خەڵکانێکی بەجێماو لە باوەڕ و ئایینی میترائیزم، زەروانی و زەردەشتی، خاوەن بیروڕای نیشتمانی، یەکتاپەرەستی و ئەزدایی «یەزدانی و ئیزەدی» بوون، کە وەك ڕێکخراوێکی بە ئیرادە، خاوەنی بەرخۆدان و خۆڕاگری، بە هەست و تینی نیشتمانی و پاراستنی خاك، کولتوور، داب و نەریت، زمان و چاندی خۆیی و کوردی، بە ئیرادەیەکی بەهێز و وەك پیرۆزییەك لە باوەڕ و زاتی خۆیان بە ناوی یارسان، یار، ئەهلی حەق، کاکەیی، برایەتی و دۆستی، تایفە و ... بە بەرخۆدانی خۆیان لە بەرانبەر هێرشی عەرەبدا لە گرووپی هەفت تەن «هەفتەوانە»، چل تەن «چلانە» و ... توانیان بۆ چەندین قۆناغ و نەسڵ بە دوای نەسڵدا هەتا سەردەمی سەفەوی و لەم سەدەی دواییەشدا لە سەردەمی پاشایەتیی ئێران و ئێستاش کۆماری ئاخۆندی، پیداگری لە سەر بیروڕا و باوەڕ و ئایینی پیرۆزی خۆیان بکەن. ئایینێك کە پڕە لە باوەڕ بە هێز و وزە و ئیرادەی مرۆڤ و زاتیکی پیرۆز و بەرزتر لە مرۆڤی ئاسایی، باوەڕێکی نیشتمانی و بەهێز و پتەو لە بواری ئیرادە وەك «سڕ» و ڕازیك کە هێشتا بۆ زۆر کەس ڕوون نەبووەتەوە و نەیارانی ئەم ئایینە بە شەیتان پەرەست، گاور، کافر و دەرچوو لە دینی ئاسمانی ناویان دەبەن و هەندێك جار بە بەشێك لە دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە ناو دەبردرێن کە لە ڕاستیدا باوەڕی یارسان زۆر دوور لە دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە و سوننی و هەر وەها دوور لە بیرۆکەی دینی و باوەڕی عەرەبە کە بۆ خۆپاراستن و مانەوەی خۆیان بە گۆڕینی ناو و نیشان و ... بە ڕواڵەت وەك سڕ و نهێنی، هەتا ڕادەیەك ڕەنگ و بۆنی ئیسلامی و دینییان بە خۆیان داوە کە ئەوەش بە ڕواڵەت لە مەزهەبی شیعە نزیکە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هیچ ڕۆکن و چوارچێوەیەکی ئیسلامی و مەزهەبی لە باوەڕی یارساندا جێگای نابێتەوە و نە بە نییەت و نە بە ڕواڵەت بوونی نیە و جێبەجێ نابێت.

بنەمای ئەم باوەڕە لە چوار خاڵی «ڕاستی، پاکی، نیستی و ڕەدا» ساز کراوە کە باوەڕێکی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتی، خۆشەویستی، هەقخوازی، ڕاستی، ڕێز، هەبوون، ژیان، زات و گۆڕانکاری و پاك بوونەوە و دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە خراپەیەکە بەرەو پیرۆزییەك کە دەتوانێت خۆی بە زانابوون و تێگەیشتنی مرۆڤەکان دوور لە هەر چەشنە خراپە، درۆ، شەڕ و کوشتار، دەرکردن و لەپەراوێزخستن، وەك مرۆڤیکی پاك و ڕاستبێژ، خاوەن دەلیلی بێگەرد و زاتیکی پیرۆز دەربخات و بنوێنێت کە ئەوەش بەرهەمی دەیان ڕۆژ و ساڵی کەسێکی یارییە هەتا دەگاتە پلەی پاکی و زاتێکی بە نرخ وەك «سولتان، پیر، کاکی، موراد، دەرویش، باوە، سەی و ...» و ئەوانەش کە زۆر ئاسایی ژیان دەکەن و کەمتر لە ڕۆحیات و زاتی ئەم باوەڕە تێدەگەن عامی و عەوام دەمێنن!

لە هێما پیرۆزەکانی یاریدا کە پڕاوپڕ لە واتا و جوانی و هەبوونی ژیانن و هەموو هەڵقوڵاوی سروشت و هەرمانی مرۆڤی پاك و خاوەن زاتن، دەتوانین ئاماژە بە ئەمانە بکەین: «خۆر» وەکوو هێمای ژیان، ڕووناکی، گەشە و زیندووبوون، «مانگ» وەکوو هێمای درەوشاوەیی، ژیانیکی نوێ و دورکەوتنەوە لە تاریکی کە ئەمەش لە سێ ڕۆژەی جەژنی پیرۆزی خاوەنکاردا زیاتر هێمابەخشە و دەرئەکەوێت!. «هەوا» وەکوو هەناسەی مانەوە و زیندوویی و هەستکردن بە بوون. «خاك» وەکوو هێمای دایك و گەڕانەوە بۆ ئامێزی هەتاهەتایی داری سەوڵ (سنەوبەر) وکوو هێمای سروشتی دایم سەوز و مانەوە و بەرخۆدان. «ئاگر» وەکوو هێمای ژیان، گەشە و گەرمی و ڕووناکی‌بەخشی زیندەوەران. «ئاو» وەکوو هێمای ڕووناکی، پاکی و هەقیقەتی ڕەوانی بێگەرد و ژیان. «هەنار» وکوو هێمای زیندوو بوونەوە و پێکەوەژیان و چاکە و نیاز. «ڕەنگی سەوز» وەکوو هێمای سروشتی ڕەنگینی وڵات و گەورەیی زاتی مرۆڤ و خاوەن ڕۆحێکی هەتاهەتایی زیندوو .لێرەدا بە هەموو هێماکانی ژیان پیرۆزی دەبەخشن و ڕێز و نرخی بەرزیان هەیە بۆ پاراستن و هەرمانی مرۆڤ بە پاکی و ڕاستی .



* ئەم بابەتە کورت کراوەی بابەتێکی ئەم نووسەرەیە کە لە ماڵپەڕی کوردپا بڵاو کراوەتەوە.

# ژن لە پشت ویترینەکانی کرماشان

ن: شەهرام میرزایی

ئەمەی کە پیاوێک سەبارەت بە دۆخی ژن لە کۆمەڵگادا بنووسێت، قسە بکات و بە هاوارەکانی پرێستیژی ڕۆشنبیرێکی کافەیی بە خۆیەوە بگرێت، قیزەونترین شتێکە کە لەم دونیادا تێکم ئەدا، هەروەها ڕاستە کە داکۆکی کردن لە مافی ژنان، ئەویش لە زاری پیاوێکەوە، خۆی شێوەیەکە لە بەرهەمهێنانەوەی «مەنیسم» و نۆژاندنەوەی ڕوانینی پیاوانە لە چوارچێوەیەکی نوێ و فۆرمێکی دیکەی پیاوسالارانەدا، بەڵام چی دەتوانی بکەی کاتێک لە شارێک دەژی کە پلەی سێهەمی خۆکوژیی لە ساڵی ٩٣ی هەتاوی بۆ خۆی تۆمار کردووە و پلەی حوتەمی هەژاریی بەدەست هێناوە و لە هەمان‌کاتدا ئێرانییەک سەرقاڵی نوکتە ساز کردنە بۆت، تا تۆ لەو ڕێگایەوە بە نەهامەتییەکانت پێبکەنی.

ئەولاتر، لە ئێوارە وەختێک کە لە سەر نیمکەتی پارکی «معلم» دانیشتبووی و تینی هەتاوی خەرمانان ئارام ئارام بەرەو فێنکی دەڕۆیشت و تۆ بۆ دوزینەوەی هەواڵێکی نوێ بە هێمنی دەست بە شاشەی مۆبایلەکەتدا دێنی، لە ناکاو خەبەرێکی ناخۆش دەبینی: «شەهلا» و «نەریمان» -خاوەنی سێ کچی ٧ تا ١٦ ساڵ و نیشتەجێی شارۆچکەی «ڕسالەت»- لە باوەش یەکدی‌دا و بەدەم سەما کردنەوە، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و بێ‌ئەوەی کە بڵێن «بەرخۆدان ژیانە» شۆڕ بوونە نێو باوەشی مەرگ. ئەوکات دەزانی بۆچی بنەماڵەیەک بە «حەبی برینج» بە کۆمەڵ خۆکوژی دەکەن، یان لە «چەمەن» ژنەکان لەشیان دەفرۆشن و کچێکیش بە پلەی لیسانسەوە ئامادە دەبێ بۆ ١٥٠ هزار تمەن مەودای نێوان «ڕوودەکی» تا شەقامی «سێپەهـ» ببڕێت، هەتا بگاتە شوێنی کارەکەی کە وەویلکە فرۆشییە.

لەو کاتە کە هەراوزەنای مۆرەکانی ڕێژیم گوێی شاریان پڕ کردبووەوە، بست بە بستی شەقامی شارەکەم پڕ بوو لە ئاگاداریی کار بۆ کچان، کە ٥٠ لە سەدی حەشیمەتی زانکۆکانی شاریان پێک‌هێناوە بەڵام تەنیا بەشیان لە بازاری کار، بوون بە مونشی ژوورێکی تەنگ و تاریک یان فرۆشیارێکی گەڕۆکە کە ئەرکی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیارانی لە ئەستۆیە.



«فەرزاد نەسیمی‌پوور» لە بابەتێکی خۆی‌دا ئاماژە بەم پرسە دەکات و دەڵێ: «پارەی کەم (لانیکەم ٥ قات کەمتر لە حەقدەستی پیاوان)، کاتژمێریی کاریی نادیار (لانیکەم ١٢ کاتژمێر کار)، نەبوونی دابینبوونی کۆمەڵایەتی (بیمە) و لە هەموو خەراپتر کەلکاژۆ وەرگرتن لە جوانیی و ڕووخساری کچان بۆ ڕاکێشانی کڕیاران، لە سەرەکی‌ترین گیروگرفتەکانی کاری ژنان و کچان لە شاری کرماشان دایە».

هەڵبەت دەشێ بڵێین کە ئەم کێشەیە تەنیا تایبەت بە کرماشان نیە و کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا، بە موهەندسی کردنی دۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتیی کوردستان و دارمانی ژیانی خەڵک، هەموو گەورە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووبەڕووی ئەم گرفتە کردووەتەوە، بەلام لە شاری کرماشان بە هۆی زۆر بوونی حەشیمەتەکەی، ئەم کێشەیە زۆر بەرچاوتر و بەربڵاوترە.

بێ‌شک ئەگەر دەمانهەوێ لە داهاتوودا کۆمەڵگایەکی بەتوانا و تەندروستمان هەبێ، دەشێ چالاکانی کۆمەڵایەتیمان ئاوڕێکی تایبەت لەم بابەتە بدەنەوە و لە ناسین و ناساندنی بە کۆمەڵگا کەم‌کاری نەکەن و بە جێگای ئەوەی کە خۆیان سەرقاڵی وێنە گرتن و لەسەر فەیسبووک دانانی بکەن و ژێستی چالاکی خۆ بەخش بەخۆ بگرن، کە شەو و ڕۆژیان تەرخانی گەلەکەیان کردووە، کەمێک ئاوڕ بدەنەوە لە دەوروبەری خۆیان و لەو چوارچێوەدا چالاکی بنوێنن کە بێ‌شک ئاوا زۆر لە کێشەکانی نیشتمانەکەمان چارەسەر دەبێت.

# دیپلۆماسیی «حکوومەتی ناوچەیی کوردستان» لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەشی هەشتەم)

ن: پەرویزجەباری
و: جەماڵ ڕەسوڵدنخە

ئەمانە دوکتورینی سیاسەتی دەرەوەی نیزامی ئیسلامیی ئێرانە کە لە بەشی دیپلۆماسی، تەواوی ئیمکاناتی مادی و غەیرە مادیی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی وەگەڕ دەخات. لەو پێوەندییەدا لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگی، ئامووزشی، تەبلیغی، دینی، ئاوەدانکردنەوە، خزمەتگوزاری و دەرمانی تێچووی سەرسووڕهێنەر لە بوودجەی دەوڵەتی و سەرچاوەکانی ناڕوون و ناوەندەکانی نادیار دابین دەکرێت.

هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، گرینگیی دیپلۆماسیی هەرێم بە نەبوونی پابەندییەکی سەربەخۆ و لە چوارچێوەی وڵاتێکی فەرمیدا لە بەرانبەر ئێران و تورکیەدا لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆنە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان، جۆرێک فەزای مانۆڕ و خۆدەرهاویشتن لە پابەندییەکانی بەدواوەیە. لەو فەزایەی مانۆری دیپلۆماسی و هێشخانی نەتەوەیی و نیشتمانی بەشێکی بەرچاو لە بەدواداچوونی ویستەکان بیچم دەگرێت. گرینگیی بەشێکی گەورە لەو فەزا و بیاڤەی بەرژەوەندییە ستراتژیکەکانی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بە تایبەت لەگەڵ ئێران بۆ مەسەلە و پرسی کوردەکان لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە. کوردەکان بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر وەبەر سیاسەتی نکۆڵی، لە ناوبردنی ڕێکخراوەیی و سەرکوت لە لایەن دەسەڵات کەوتن. لەو کاتەوە، کوردەکان لە عێراق وەکوو دژبەرانی ڕێژیمی بەعس، پەنایان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران برد. لە بوارەکانی ئەمنییەتی، نیزامی و سیاسی دەستیان بۆ هاوکاریی بەرین لەگەڵ ڕێژیمێکی دینی درێژ کرد. هاوکارییەک کە تا ئێستا درێژەی هەیە. بەڵام ڕەوت و پرۆسەی دیپلۆماسیی کوردەکان، ئەمڕۆکە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەتوانێت چی بێت؟ بە سەرنجدان بە نموونەبەرچاوەکانی ئەو دیپلۆماسییە لە بوارە جیاوازەکاندا، کەمکاری و لاوازییەکان چین؟ لێرەدا دەبێ وەبیر بێنینەوە لە بیاڤی سیاسەت و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان لەگەڵ یەکتر، زۆربەی بوار و تایبەتمەندییە جوغرافیاییەکان لە دوو ڕوخساردا کار دەکەن. بەڕێوەبەری و ڕێنوێنی بەرژەوەندییەکان بەپێی سەرچاوە و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات بەپێی هونەر و شێوازی دیپلۆماسییە کە دەتوانێت ئیرادە و جەبرە جوغرافیاییەکان کە هەڕشە و بەربەستی سەرچاوە نەتەوەییەکان بێت، بکاتە دەرفەت و قازانج لە دیپلۆماسیدا بۆ بەرژەوەندیی سەقامگیریی نەتەوەیی. بەڵام شتێک کە لەو نێوانەدا لەگەڵ جوغرافیا، شوناس، مێژو، چارەنووسی نەتەوەیی، نەتەوەبوون و توخمەکانی دیکەی شوناس پێوەندییەکی نەپچڕاوی پەیدا کردووە، بەربڵاویی و دابەشکردنی خاکی کوردستان بە شێوەی جوغرافیایی و سیاسی لە بەستێنی مێژوودا لە نێوان وڵاتانی ناوچەدا بووە. ئەو دۆخە لە ئاڵۆزترین و ناسکترین قۆناغی دیپلۆماسیی کوردەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. حیزبە سەرەکی و سوونەتییەکانی ناوچەکە لە نەبوونی کێشەی حیزبی درێژە بەو دیپلۆماسییە دەدەن، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کێبڕکێ و کێشەی حیزبی ئەو دیپلۆماسییە بۆ لایەکی دیکە ئاراستە دەکەن. هەروەها ئەو حیزبانە بە هۆی نەبوونی پێکهاتەیەکی دێموکراتیک، هەمەلایانە و نەتەوەیی لە ئاستی حکوومەتدا بۆ بڕیاردانی سیاسی و نەتەوەیی زیاتر بە جەختکردنەوە و پاڵپشتی بە کەسایەتییەکان، دیپلۆماسیی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێک دەخەن. ئەو کەسانە لە کاناڵی حیزبەکان و پێوەندی حیزبی، تاکەکەسی و مێژوویی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕوون نیە و ڕەخنە و ئیراداتی بنەڕەتی لە سەرە. پێوەندییەکان و دیپلۆماسیی خۆیان دەبەنە پێش. هەر چەند کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نیە و بەپێی وڵاتێکی سەربەخۆ ناتوانین چاوەڕوانی دیپلۆماسییەکی هەمە لایەنەمان لێی هەبێت، بەڵام چۆن ئەو بەشە لە کوردستان، بەشێک لە شوناسی مێژوویی و سیاسی کوردەکانە کە پێی ناوەتە قۆناغێکی سەرووتر لە بەشەکانی دیکە لە مەسئەلەی بڕیاردانی سیاسیدا. ئەو دۆخە و بڕیاراتی سیاسی دەتوانێت لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنی هەبێت. بۆیە هەڵسوکەوتەکان، پێوەندییەکانی لەگەل باقی وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئێران و تورکیە بۆ باقی کوردەکان لە وڵاتانی دیکە گرینگیەکی تایبەتی هەیە. ئەو گرینگیە لە نیگەرانی و پەرۆشییەکانی ئەوان لە بەدواداچوونی بارودۆخ، پێگە و چارەنووسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان کوردەکانی دیکە دەتوانین ببینین. بەو پێیە دەتوانین ئەو سەرنجە، نیگەرانی و هیوا بۆ سەقامگیری، ئەمنییەت و پێشکەوتن لە دەوڵەتی هەرێمی کوردستان، لە نێوان باقی کوردەکانی سەرووتر لە حیزبەکان، کەسایەتییەکان، وەک بابەتێکی مێژوویی و پێوەندیی نەتەوەیی بە شێوازی جۆراوجۆر ببینین.

کوردستان لە قەوارەی ناوچەیەکی خودموختاردا، لە کردەوەدا سەرەڕای ڕەخنەکان و ڕوانگە جیاوازەکان، نوێنەر و ڕەنگدانەوەی شوناس، بیاڤی فەرهەنگی، زمانی، مێژوویی و سیاسیدایە کە سەرەڕای هەموو تایبەتمەندییەکان، کێشە و لاوازییەکانی، کوردەکان لە وڵاتانی دیکە، نیگەران و چاویان لە چارەنوس و کردەوەی ئەو بڕیوە. لەو ڕوانگەوەیە کە گرینگیی کار و بەرپرسیارەتی حیزبەکان، ناوەندەکان، دەوڵەتی ناوچەیی، پارلەمان و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان نیسبەت بە باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر قورس و بەرپرسیارن، چوونکە لە زۆربەی کردەوەکاندا، پێوەندییە سیاسییە فەرمیی و نافەرمییەکان خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەک لە بڕیاردان و کردەوەکانی ئەوان لە بارودۆخ و پێگەی کوردەکان لە ئێراندا دەتوانین ببینین. بێ گومان کۆماری ئیسلامی لەو بارودۆخە بە تەواوی ئاگادارە و لێی شارەزایە. بۆیە لە زۆر بواردا بە زیرەکی و پیلانەکانی خۆی دەیهەوێ، ئەو شوناس و پێوەندییە خەوشدار و لاواز بکات. سەرەڕای ئەوە، بە هۆی بارودۆخی جوغرافیایی و خاکی، کوردەکان لە ناوچەی هەرێمدا ناچار لە پێوەندی لە بوارە جیاوازەکاندا لەگەڵ دراوسێیەکانی خۆیانن. دراوسێگەلێک کە بەشێک لە نیشتمان و دەسەڵاتی ئەوان کوردستان لە خۆ دەگرێت. یەکێک لەو دراوسێیانە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. وڵاتێک کە وەکوو کایەکەرێکی ناوچەیی بە ڕابردووی سیاسی و مەزهەبی لە کێبڕکێ لەگەڵ تورکیە، دەسەڵاتی دیکەی ناوچەکە. ئەو دوو وڵاتە بەردەوام، ڕابردوو و پێشینەی ناکۆک و کێبڕکێیان لە زۆر بواردا هەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە پاراستنی هاوگەرایی خۆی لە یەک هەنگاودا لەگەڵ یەک بوونە، کە ئەوەیش مەسئەلەی کوردەکانە. خاڵی هاوبەش و هاوکاریی ئەو وڵاتانە بەردەوام ئەو مەسەلەیە بووە. بێ گومان ئەو کایەکەرانەی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی ڕقەبەر لە تەنیشت یەکتردا، کایەکەرانی تازە و کۆنە لە ناوچەکەدا، هەر کام بە جۆرێک دیپلۆماسیی کوردەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکان، لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشی هەمان سیاسەتی گشتیی خۆی لە بەرەنگاربوونەی لەگەڵ کوردەکان دەگرێتە بەر. ئەو ڕێژیمە بە شێوەی سیاسەتی نەرم لە زۆربەی بوارەکاندا و هەروەها توندوتیژی و تیرۆر لە حاڵەتەکانی دیکەدا بەردەوام ستراتژییەکی قایم و نەگۆڕی هەیە. ستراتژیی لەناوبردن، نکۆڵی، لە کردەوە خستن و بێشوناس کردنی کوردەکان لە نێوخۆی وڵات و نەزۆککردن، بێ کردەوە کردن، جیاکردنەوە، خەوشدارکردنی شوناس، دووبەرەکی نانەوە، دووڕوویی، شەڕئەنگێزی، جیاکردنەوە لە سەر بنەمای توخمە مەزهەبییەکان و... هتد، هەروەها بەرپرسیارنەکردنی کوردەکان لە وڵاتانی دیکە لە بەرانبەر هاوتاکانی خۆی کە لە بیاڤی دەسەڵاتی فەرمیی ئەواندا نیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرتر پێوەندییەکانی لە سەر بنەمای جۆرێک بەرابەریی حقووقی و دیپلۆماتیک لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەوپێش نابات. خۆی بەرپرسیار بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەکانی کۆنسولی و کۆنوانسیۆنە فەرمییەکان نازانێت. چوونکە بەپێی سیاسەتی فەرمی و تێکدەرانەیان، لەو باوەڕەدان کە ئەو ناوچەیە لە چوارچێوەی عێراقدا بووە و وڵاتێکی سەربەخۆ نیە. سەرەڕای ئەوەش بۆ هەموو کەس ڕوونە کە ڕێژیمی عێراق پێوەندی سەرووتر لە دیپلۆماسی و عورفی نێودەوڵەتیی لەگەڵ ئێراندا هەیە. دەوڵەتی عێراق بەجۆرێک ڕێژیمێکی دەست نیشاندەی ئێرانە. ئەو ڕێژیمە بێ گومان لە هەموو بوارەکاندا پێوەندیی پتەوی لەگەڵ ئێراندا هەیە، بێ گومان لە زۆربەی بوارەکاندا پێوەندی و هاوکاریی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکان، دەست نیشاندە و لایەنە نیزیکەکانی خۆی لە ناوچە ڕوون، فەرمی و بە شێوەی لەبەرچاوگرتنی ڕێزگرتنی بەرانبەر نیە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لە کاناڵە جیاوازەکانی پێوەندی هەوڵی داوە پێوەندی تاکەکەسی و نافەرمی بەپێی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان دروست بکات. ئەو ڕێژیمە بەردەوام هەوڵی داوە کە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی هەر لە ڕێگای ئەو کاناڵانەوە هیدایەت و کردەوەیی بکات. ئالوودە و پڕکردنەوەی هەندێک کەس بە بابەتگەلی ئەمنییەتی، ماڵی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە شێوەکانی ئاسایی ئەو ڕێژیمە بۆ دزەکردن، دروستکردنی دووبەرەکی و نانەوەی ئاژاوە بۆ قەوارەی هێزە سیاسییەکانی ناوچەی هەرێم بووە. لە بارەی سیاسەتە تێکدەرانەکانی خۆی لە عێراق و کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ لاوازکردن و زەربە لێدانی زیاتر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردستانی ئێران و دژبەرانی دیکەی خۆی لەو شێوە و پێوەندییانە بەردەوام قازانجی کردووە. بێ گومان ئەو تایبەتمەندییانە ناوەرۆکی ڕێژیمە نادێموکراتیک، دیکتاتۆر و ئیدئۆلۆژیکەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی هاتنە سەرکاری تا ئەمڕۆ، بەردەوام پەروەندە و مێزی کاریی عێراق و ناوچەکانی بە شوێن و قوڵاییی ستراتیژیکی خۆی پێناسە کردووە و لە ئیختیاری سپای پاسدارانی داناوە. ئەو پێوەندییانە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زیادەخوازنە و هەناردەکردنی شۆڕش، بەردەوام شتێکی سەرووتر لە عورف و شێوەکانی دیپلۆماتیک بووە. کوردەکان و هێزە عیراقییەکان کە ئەمڕۆکە کاروبار و هیدایەتی سیاسی و ئیجرایی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵیان لەدەستدایە، وەک دژبەرانی عێراقیی دژی ڕێژیمی سەدام، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی پێوەندی قووڵ و ناڕوونی لە هەندێک بواردا هەیە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین ئەو پێوەندییانە نابەرابەر بوونە. بە هۆی ئەوەیکە هێزێکی دژبەر لەگەڵ ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک کە باوەڕمەند بە هێژمونی لە ناوچەکەدایە، پێوەندی هەبووە. ئەو پێوەندییە دوای چەند ساڵ و گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی و ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە عێراق، بەردەوام لە نێوان دژبەرانی دوێنێ کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆن لە عێراق و ناوچەی خودموختار بە هەمان ناوەرۆک و ڕوانگەی نابەرابەر ماونەتەوە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین؛ ئەو پێوەندییە نابەرابەرانە، جێگیر کراون. لە لایەک ئەو هێزانە کە کایەکەرانی سیاسیی نوێی ناوچەی خۆیانن ناتوانن لە هەمان پێناسە و پێوەندیی ئازاد بن و بەردەوام لە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆیان بە هەمان دژبەر دەبینن و دەناسن کە ڕۆژگارێک بە هۆی بوونی دوژمنایەتیی هاوبەش لە ئێران نزیک ببوونەوە و پێویستیان بە پشتیوانیی و یارمەتیی ئەوان هەبوو و لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق و کوردستان بە هەمان دژبەرانی دوێنی و دەست پەروەردەی خۆی دەبینێت کە هێستاش پێویستیان بە پشتیوانیی ئەو هەیە تا جێگایەک کە لە پێوەندییە نابەرابەرەکاندا ڕۆڵی براگەورەی گێڕاوە و دەگێڕێت.



# د. گوڵموراد مورادی: یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنە
# د. ئاوات ساروج: بێڕێزی کردن بە یارسانەکان ئامانجدار بووە

**وتووێژ: شارام میرزائی**

دوای هەڵبژاردنەکانی دوو مەجلیسی ئێران لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هێزە ئەمنییەکان و گۆپاڵ‌بەدەستەکانی حکوومەتی فاشیستی-مەزهەبیی ئێران، دەستبەجێ هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگای مەدەنی و لەم ڕۆژانەدا چەندین چالاکی سیاسی و مەدەنی کوردیان دەستبەسەر کرد و نیشانیان دا کە ئەم حکوومەتە چەندە دژ بە مروف و مافی گەلی کوردە. بەداخەوە ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنەکان کۆماری سێدارەی ئێران، بەکرێگیراوەکانی لە کرماشان هەناردە سەر شەقام و دەستیان کرد بە بێڕێزی کردن بە کوردانی یارسان و هێرشیان کردە سەر شوێنە پیرۆزەکانی ئەو ئایینە.

بۆ تاوتوێ کردنی ئەم دۆخە و هۆکاری شکل گرتنی ئەو شێوە بێڕێزییانە برانبەر بە یارسانەکان، لە گەل بەڕێزان دوکتور «ئاوات ساروج» و دوکتور «گوڵموراد موورادی» وتووێژێکمان پێک‌هێناوە کە پێشکەشی خوێنەرانی «کوردستان» دەکرێ.

**پ ـ ئەگەر کوردەکان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم هاودەنگ ببونایە، حکوومەتی ئیسلامی ئەو بوێرییەی دەبوو کە تەنیا یەک ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان، دەست و پێوەندییەکانی خۆی برژێنێتە سەر شەقامەکان و سووکایەتی بە خەڵک بکەن؟**

**د. ئاوات:** لە بنەڕەتدا، بایکۆت نەکردنی هەڵبژاردن، جۆرێک ڕەوایی‌دان بە هەڵبژاردنەکان و سیستمی کۆماری سێدارەی ئێران بوو، لەوانەیە زۆر کەس بیری لەوە نەکردبێتەوە کە هەر چەشنە بەشداری لە سیستم و دەنگدان بە کەس یان کەسانێک کە پێشتر لە لایەنی ڕێژیمەوە هەڵبژێردراون و لە چەندین پێوان و فیلتەر تێپەڕیون، کە بێ‌شک جێگای تەئید و متمانەی نیزامن، خۆی خزمەت بە ڕێژیم دەکات و چەشنێک ڕەوایی‌دان بە مانەوەی ڕێژیم و دەسەڵات و پارلەمانی ڕێژیمە!

دەنگدان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردن لە ناوچەی یارسان‌نشین وەک هەر جێگایەکی دیکەی ئێران و کوردستان، کەم تا زۆر کیشەساز بووە و زۆرجاریش لەپێشدا بەرنامە داڕێژراو بووە، هەڵبژاردن و بەشداریی و بایکۆت نەکردن، خۆی هۆکاری سەرەکیی بێڕێزیی ئەمجارە بە یارسانە!

باسی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمتان کرد، پێم باشە ڕوونکردنەوەیەک بدەم، کێشە لە نێوان لایەنگرانی دوو پاڵێوراو بە ناوی حیشمەت فەلاحەت‌پیشە (کە دەنگی هێنایەوە) و کەسێکی دیکە بە ناوی عەلی جەلیلیان بووە .چەندین کەسی لایەنی براوە، لە شەقام و .... بێ ڕێزییان بە یارسانەکان کردووە و دیارە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم لە هەردوو لایەن هەبووە، چوونکە هەر دوو پاڵێوراوی بناژۆخواز، سەر بە ویلایەتی فەقیهی ڕێبەری ئێرانن و بە ویلایەتمەدار ناسراون، هەستی براوەبوونی پاڵێوراوێک و شکستی پاڵێوراوێکی دیکە، لە ئارادابووە و بێ باندۆر نەبووە. کەسانێکی مۆرەی ڕێژیم، گۆپاڵ‌بەدەست و هەموو کاتێک ئاژاوەچی و سەر بە لایەن یان چەند لایەنێک بە فیتی ڕێژیم کێشە خۆلقێن بوونە و نە تەنیا لە شائاباد، بەڵکوو لە چەند شار و جێگایەکی دیکەش کەم تا زۆر کێشە خوڵقاوە.

بەڵام بێڕێزی کردن بە یارسان، دیارە ئامانجدار بووە و نابێت تەنیا لایەنێک تاوانبار بکرێت، لە هەردوو لایەن تاوانبار هەیە ،چوونکە هەردوو لایەن وەک ئاماژەی پێ کرا، سەربە جەناحی تۆندئاژۆی ڕێژیمن. دەمهەوێ ئەوەش باس بکەم کە لایەنی شکست خواردوو (عەلی جەلیلیان) دەنگۆی ئەوەشی هەبووە کە لە لایەنی یارسان و گەورەکانی یارسانەوە ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەخۆ پشتیوانی لێ کراوە کە کێشەی بنەڕەتی و بەهانە لێرەدا کەوتووەتە دەستی کەسانێکی سەر بە ڕێژیم، کە ڕووداوەکە بکەن بە شەڕی مەزهەبی، عەشیرەیی و... هتد. چوونکە بەڵگەمان هەیە کە ئەم کێشەیە هیچ پێوەندییەکی بە کێشەی مەزهەبی و جیاوازیی مەزهەب و باوەڕ و هەروەها کێشە و نیگەرانی لە نێوان فلان عەشیرە و خێل و .... نەبووە و نیە .جا ئەگەر کەسانێک بیکەن بە شەڕی مەزهەب و عەشیرە و عەشیرەت ئەمە زۆر کارەساتە و ڕەوا نیە و بۆ خەڵکی ناوچەی کرماشان هیچ باش نابێت و هەموو کێشە و گرفتێک لەم چەشنە بە قازانجی دوژمن کە ڕێژیمی ئاخوندی بێت تەواو دەبێت!

**پ– پێڕەوانی یارسان چ ئالترناتیڤ و ئیمکاناتێکان لەدەستدا هەیە تا بتوانن لەو ڕێگایەوە مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن؟ حیزبە کوردییەکان لەو نێوانەدا دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێت؟**

**د.ئاوات:** هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و پێشووتریش وەک دەسەڵاتی ناوەندی و یەک نەتەوە ،یەک زمان و یەک دین و مەزهەب، یارسان دووجار زوڵمی لێ کراوە، یەک وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد و کەمینە، هەر وەها وەک باوەڕ و ئایینێکی جیاواز لە مەزهەبی دەسەڵات، هیچ مافێکی نەبووە و لەبەرچاو نەگیراوە کە هەتا ئێستا دیاری کرا بێت، کە سیستمی ئیسلامیی ئێران لەبەرچاوی گرتبێت، یان دانی بە هەبوونی یارسان وەک کەمینەیەکی ئایینی نابێت!

شوێنکەوتوانی ئایینی یارسان چەندەش هەوڵیان دابێت، بێ‌ئاکام بووە و لە ڕێگای گەورەکانی یارسان و کۆمەڵەی مافی مەدەنیی یارسان چەندین جار هەوڵ دراوە کە ڕەوشی ژیان، مافی فەرهەنگی و مرۆڤی و ...هتدیان، لە لایەن ڕێژیمەوە لەبەرچاو بگیردرێت کە ئاکامەکەی دیارە.

ڕۆڵی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی کوردی و تاکی چالاکی سیاسی ئەوەیە کە ڕۆشنگەری بکەن و لەقاودانی سیاسەتی چەوت و نامرۆڤانەی ڕێژیم لە سەر کۆمەڵگای یارسان بکەن. ئەرکی تاکی سیاسی و ڕۆشنبیر و هەموو ئەحزابی کوردیە کە سەرەڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی دژەمرۆڤانەی ڕێژیم و ئاژاوە نانەوە و دووبەرکی دروست کردن لە نێوان خەڵکەکەمان، هەوڵی ئارام‌کردنەوەی ڕەوشێکی ئاوەها بدەن بۆ پێکەوە ژیانی لە جاران باشتر و یەکدەنگی و یەکرێزی لە نێوان خەڵکەکەمان بە یارسان و هەموو مەزهەب و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەم دەڤەرە، هەتا شکست بە سیاسەتی ڕێژیم بهێنن.

**پ– نکۆڵی کردن لە شوناس و ئایینی یارسان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**د. گولموراد:** یەکێک لە هۆکارەکان کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی کردەیی هەوڵی بۆ دەدات نکۆڵی لە شوناس و ئایینی یارسان بکات، باوەڕی جیاوز و کورد بوونی زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەیە کە نزیک بە دوو میلیۆن و نیو یارسان لە ئێران بوونیان هەیە. ئەوانە هۆکارە سەرکییەکانن. سەرەڕای ئەوە خەڵکی یارسان، کورد، لور و دیلەمیە نزیک بە ٤٠٠ ساڵ لەوەپێش لە هەمبەر دینی نوێ بەربەرەکانێیان کرد و ئامادە نەبوون ئیسلام قەبوول بکەن، سەرئەنجام بەشێک لەوان بە زۆری شمشێر ڕووی لە دینی ئیسلام کرد. بێ هۆ نەبوو خومەینی کوردەکانی بە شەیتانی گەورە ناوزەد کرد. ئێستا دوای تێپەڕینی ٣٥ ساڵ، هەموو ڕێگا و شێوازەکانیان لەپێش گرت کە خەڵکی یارسان ڕوو لە ئایینی شێعە بکەن. ئاخوندەکان سەرنجی ئەوەیان داوە کە ئەو ڕێگایانە هیچ کەڵکی نیە. خەڵکانی سەر بە ئایینی یارسان، ئاشتیخوازن و بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابن شەڕ و کێشە لە نێوان ئەوان و مەزهەبی دەسەڵاتدار(شێعە) پێک بێت، بە تەواوی لەگەڵ هەموو بارودۆخێکی سەخت و دژوار خۆیان ڕێکدەخەن. بەڵام ڕێژیم و مەزهەبی دەسەڵاتدار لە پێگە و جێگەی ئەوان و خۆڕاگریی ئەو خەڵکە ئاشتیخوازە کەڵکی نابەجێ وەردەگرێ و بە بیانوو و شێوازی جۆراوجۆر کێشەیان بۆ ساز دەکات.

بۆ نموونە لە هەموو جەمخانە نا دەوڵەتییەکان مەئموور دادەنێ، لە هەموو گوندەکان کە تەنیا تاقە کەسێکیان موسڵمان نین، بە پارەیەکی یەکجار زۆر مزگەوتیان بۆ ساز دەکات و بە لاوانی ئایینی یارسان بەڵێنی کار و دامەزراندن دەدات، ئەگەر بڕۆنە مزگەوت و لەوی پشتگیری بێنن. ماوەی ٣٥ ساڵە ئەم جۆرە هاندانە هەیە، بەڵام مزگەوت، بە قەوڵی خەیامی شاعێر وەکوو لەپی‌دەست ساف و بەتاڵە. تەنانەت بەوەشەوە ناوەستن و بێڕێزی بە شوێنە پیرۆزەکانی یارسانەکان دەکەن، جەمخانەکانی یارسانەکان دەڕووخێنن.



**پ– لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئێمە چەندین جارە کە دەبینین هێرش کراوەتە سەر بنەما پیرۆزەکانی یارسانەکان، تا جێگایەک کە هەندێک لە یارسانەکان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا، بەڵام بۆچی تا ئێستا پێڕەوانی ئەو ئایینە نەیانتوانیوە نارەزایەتییەکەیان لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی پتەو و یەکگرتوو و درێژەدار بۆ ڕێگری کردن لە پێشێل بوونی مافی بێ ئەملاوئەولایان بەڕێوە ببەن؟**

**د. گولموراد:** هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لێ کرد، خەڵکی یارسان ئاشتیخوازن و تۆڵەسەندنەوە لە فەرهەنگیاندا نیە. بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووینەتە خۆڵەمێش، واتە تولەسەندنەوە لە فەرهەنگی ئیسلامدا بە سەر ئێمەدا سەپاوە و وەرمانگرتووە، بێ گومان ئەمەش فەرهەنگی دەسەڵاتی باڵادەستە. ئێوە لە پرسیارەکەتاندا هێماتان بە خۆسووتاندنی لاوانی یارسان کردووە، بەڵێ؛ بەداخەوە دەبێ بڵێین، ڕێژیم ئەوە بە باش دەزانێت کە لاوانی یارسان بە پێناسەی هەستیار بوونیان، زۆر خۆپارێزن و هەوڵ دەدەن ئەو سەبوورییەی خۆیان بپارێزن. بەڵام، ئیسلامییەکان هیچ سەرنجێک بەو مەسەلەیە نادەن. ئەوانە بە هیوای حۆری و بەهەشت خۆ ناسووتێنن، چوونکە بەهەشت و دۆزەخ تەنیا لەم دنیایەدا دەبیننەوە. ئەو کەسانە لە ڕوح و گیانیان بێزار بوونە و لە کۆمەڵگایەکدا چاویان بەدنیا هەڵێناوە و گەورە بوونە، کە سووکایەتیان پێ‌دەکرێت، خۆیان بە مرۆڤی دەرجە دوو دەزانن و...هتد. یارسانەکان هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی مافی سەرەتایی خۆیان هیچ زیانێک بە کۆمەڵگا نەگات. خۆشبەختانە خەڵکی یارسان وەخەبەر هاتوونە و دەزانن کە ئەو ڕێژیمە سەرەتایی‌ترین مافەکانیان پێشێل دەکات و ئەوان لە هەر نارەزایەتییەکدا بەشداری دەکەن. ئێمە پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە و دەبێ ئەو جۆرە بیر بکەینەوە کە «ئەو وشترە لە پێش ماڵی منیشدا دەخەوێت کە خەوتووشە». دەبێ بیر بکەینەوە کە ئەو زوڵمە دووقاتە لە سەر خۆمان لابەرین و ئەو خاڵەش دەبێتە هۆی یەکگرتوویی، نە شتێکی دیکە.

**پ– ئایا نیزامی ویلایەتی فەقیە پۆتانسیەلی ئەوەی هەیە کە چالاکانی سیاسی مەدەنیی یارسان لەو چوارچێوەیەدا بەدوای دەستەبەربوونی مافە ڕەواکانی خۆیان بکەون، واتە ئایا دەبێ نیزامی کۆماری ئیسلامی دان بە مافی یارییەکاندا بنێت؟**

**د. گولموراد:** ئاخوندەکان زیرەکتر و لە هەمانکاتیشدا ساویلکەتر لەوەن کە بیانهەوێ تەنانەت مافی پێڕەوانی ئەهلی سوننە لە ئێران و دەراویشەکان زیندوو بکەنەوە، تا چ بگات بە ئەوەیکە مافی یارسانەکان و باقی کەمینە ئایینیەکانی دیکە بدەن. ئەگەر خۆپیشاندانێک لە لایەن یەکێک لە کەمینە ئایینانەکانی ئێران دژی نابەرابەری و مافکوژی جێبەجێ بکرێت و هەموو کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان تێیدا بەشداربن، بێ گومان ڕێژیم بەچۆکدا دێت و ئاخوندەکان ناچار دەبن مافەکانی ئەوان بە فەرمی بناسن. بەداخەوە تا کاتێک «نەزانی» لە سەر ئەو کۆمەڵگایە زاڵە، ئاخوندەکان ملهۆڕی دەکەن و خەڵکەکە پەرتەوازە دەبێت. لە یەک کەلامدا دەبێ بڵێین یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنە. بەڵام دەسەڵاتداران بە نەزانکاری لە سیاسەتدا، گۆڕی خۆیان بە دەستی خۆیان هەڵدەکەنن و دەبێ بڕۆن. ئەو ئاخوندانە دەبێت لە ڕابردوو ئەزموون وەرگرن، دنیای مودێڕنی ئەمڕۆ وەکوو ڕابردوو نیە کە بتوانن پێش بە هەواڵەکان بگرن و خەڵک لێی بێ‌خەبەر بێت.

دژکردەوەی خەڵکی جیهان و میدیا نێودەوڵەتییەکان دەبێ ببینین. ڕووداوەکانی شائابادی غەرب و وێرانکردنی جەمخانەی ئەو شارە، بە هەوڵی خەڵک بووتە ڕۆژەڤی هەواڵی گەرموگوڕی ڕۆژ و هەموو مرۆڤە دێموکراتەکان ئەو کردەوە ساویلکانەیە مەحکووم دەکەن و بێ‌دەنگیی مەئموورانی ڕێژیمیش سەرباری هەموو شتێک، ئابڕووی ئیسلامی بردووە.



## «دێر یا زوو
## تەقە لە دەروازەی خۆرهەڵات هەڵدەستێ»

من ئیتر
بەردێکی بێدەنگ نیم، لە دەشتی دووپشک دا .
هاواری دەستێکم
بناغەی داهاتوو
دادەنێ.
جگە لە بەخشینی بەشکۆی نیشتمان،
ڕێگایەک بۆ بەرز کردنەوەی ئەم سەرە پڕخەونەم نەماوە .
خوێنی ژیان
لە دڵی زەمانا دەکوڵێ
دەبیبیسم!
من ئێستە لێواری بەڵێنم،
خۆرێکی ڕووناکتر لە کەلی شانمەوە دێتەدەر.
برینم کۆنترە لە برینی ئەسیری و
هێشتا هەر زیندووە ئیرادەی مانەوەم.
گیراوم بە جلی خاکڕەنگ و بە مشتێ خاکەوە،
وەستاوم و
نەکەوتووم .
گەمارۆ دراوم
لە کەژ و کوێستان و شەقام و زیندانا،
دیسانیش بە باڵای ژیانا
هەڵدەڵێ
ڕەگباری تفەنگم.
دێر یا زوو
تەقە لە دەروازەی خۆرهەڵات هەڵدەستێ. «فەرەیدوون ئەرشەدی»

## نەورۆزی ڕاسان

دێتە گوێم دەنگێ بەهاری لەم چیا و کوێستانەوە
پڕ پەیامی ژینی کوردە لەم دەمی ڕاسانەوە
زایەڵەی دەنگی خەباتە و شۆڕشی ڕزگارییە
چۆکی دوژمن وا چەمیوە لەم هەیبەتی شاخانەوە
من چریکەی سۆزی عەشقی سەردەمی هەستانەوەم
بۆیە ئێستا ئاگراویم، ڕاچەنیوم وا بەدەم یارانەوە
ئەی بەهاری خەمڕەوێنم، بگرە دەستم توندوتۆڵ
بێنە ئامێز بێنە باوەش، ڕامهەژێنە بە یادی جارانەوە
سەردەمێکە دوور لە باڵای نیشتمان و زێدەکەم
تلاوتلمە لەناو جێی پڕ بوغزی یارانەوە
من کە ڕۆڵەی چیا و دوندی نیشتمانی ئاگرم
بۆچی ئێستا وا چەقیوم لەم دڵی دەشتانەوە
من بە کڵپەی پڕ بڵێسەی ئاگری نەورۆزەکەم
دادەگیرسێنم چرایەک لەم چیا و زۆزانەوە
ڕاپەڕیوم بە دەستوبرد، ڕوو بە رووگەی ڕۆژهەڵات
دوا قەرارم شەڕی شاخە بەدەم گڕی شارانەوە
ڕۆژهەڵاتم بمگرە باوەش بۆ هەوارم دێمەوە
بۆ دڵۆپێک خۆشەویستیت ئێستە وا ئەتوێمەوە
باوەشی تۆ جێی خرۆشی شۆڕشی چەند ساڵەمە
یارەکانت وا بەڕێوەن، چاوەڕێتن پێم بڵێ کەی بێمەوە

شەریف فەلاح

## نوێترین بەرهەمی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو کرایەوە

کوردستان میدیا: کتێبی «عەقڵی سیاسیی ئێران و شوناسخوازیی کوردەکان» (عقل سیاسی ایران و هویت خواهی کردها) لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەو کتێبە ٦٨٠ لاپەڕەی لەخۆ گرتووە و یەکەمین کتێبە کە لە بواری فاکتە مێژوویییەکان و هەم شرۆڤەی فەلسەفیی و سیاسی، نووسینی مێژوویەکی سەربەخۆ لە ئێران و لە گۆشە نیگای ئێران بۆ نەتەوەی کورد، نووسراوە.

هەروەها ئەم کتێبە، دوبارە نووسینەوەی مێژووی کورد، هەڵسەنگاندنی ڕەوایەتی ئێرانیی مێژوو، گەڵاڵەیەک لە ئەندیشەی سیاسیی کورد و دەوڵەتی کوردی لە میترا، زەردەشت، کوروش و ئاستیاگ، زوهاک و تورانیان، داریوش و ئەنوشیروان، گێتۆماتە و مەزدەک، ڕۆستەم و ئیسفەندیار، ئەندیشەی سیاسی، شرۆڤەی مێژوویی، لە خۆجێیی یا ئاراییبوونی کورد، خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.

ئەم کتێبە سێهەمین بەرهەمی ئەو ناوەندەیە کە لە چاپ دراوە.

باس و وتووێژ، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە بارەی پرسە ستراتژیکەکانی کۆمەڵگای کوردستان و حیزبی دێموکرات، بەشێک لە چالاکییەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتژیکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەخۆ دەگرێت کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی حیزبی دێموکراتدایە.






# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ■ *No: 674* ■ *3 apr* 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## شەهید نەمرە وەکوو باوەڕی پێشمەرگە

